# تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی لەماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی 1918-1939

**ID No. 3330**

(PP 12 - 27)

https://doi.org/10.21271/zjhs.24.2.2

**نجم الدين عبدالله اسماعيل**		**كامران علي فتح الله**

بەشی مێژوو- کۆلێژی ئاداب / زانکۆی سەڵاحەدین-هەولێر

najmaddin.ismael@su.edu.krd		Kamaran .fathulla@su.edu.krd

**وەگـــــــرتن : 2019/11/04**

**پەسندکردن: 2020/01/09**

**بڵاوکردنەوە : 2020/04/20**

**پوختە**

ئەم بابەتە توێژینەوەیەکی مێژووییە دەربارەی تایبەتمەندییەکانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی لەماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی ،کە تیایدا هەوڵمانداوە باس لە ڕەوشی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردستان بکەین ، کە بەر لەهەڵگیرسانی هەردوو جەنگی جیهانی گۆڕانکاری سیاسی و ڕۆشنبیری لەناوچەکە ڕوویدا ، سەرباری ئەوەی چەندین پەیمان و ڕێککەوتنامەی نێو دەوڵەتی مۆرکرا ، کاریگەریان لەسەر بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا هەبوو , کەبوونە هۆکاری سەرهەڵدانی شۆڕش وڕاپەڕین لەناوچە جیا جیاکانی کوردستان و پەرەسەندنی ڕۆشنبیری و بەهێز بوونی هەستی نەتەوایەتی ، بەجۆرێك کە لەقۆناغەکانی پێشتر ئەمەی بەخۆیەوە نەبینیبوو . ئەم توێژینەوە بەگشتی پێکهاتووە لە پێشەکییەك و دوو تەوەر. لە باسی یەکەم تیشك خراوەتە سەر تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی لەسەر ئاستی ناوەخۆدا . باسی دووەم تەرخانکراوە بۆ خستنەڕوو و شرۆڤە کردنی ئەو تایبەتمەندیانەی کە ڕووخسارێکی دەرەکیان هەبووە کاریگەریشیان لەسەر بزووتنەوەی کوردیدا هەبووە , لەنێویاندا دابەش کردنی کوردستان لە لایەن زلهێزەکان ........ هتد . لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، گەیشتونەتە چەند دەرئەنجامێك کە لە چەند خاڵێکدا ئاماژەیان پێکراوە.

**ووشە سەرەکیەکان:** تایبەتمەندی، بزووتنەوە، ناسیۆنالیزمی، کوردی، جەنگ.

## 1. پێشەکی

بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی و دۆزەکەی دوو بنەما و پرەنسیپی بەیەکەوە گرێدراون , کە هەموو ئامانجەکانی گەلی کوردی لە ڕێگای خەباتێکی شۆڕشگێرانەی چەکداری و ڕۆشنبیری نەتەوەییدا لەخۆدەگرێت ، ئەمەش بە شێوەیەکی بەرچاو لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بەدیارکەوت .هەڵبژاردنی ئەم بابەتە وەکو ناونیشانی توێژینەوەیەکی ئەکادیمی و زانستی کارێکی ئاسان نەبوو, بەڵکو پێویستی بە گەڕان و ماندوبوونێکی زۆر هەبوو بۆ گەیشتن بە زانیاری دروست لەسەر ڕووداو و پێشهاتە سیاسی و مێژووییەکانی ماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی و کاریگەرییان لەسەر دۆزی کورد،ئەمەش لە پێناو دەستنیشان کردنی تایبەتمەندییەکانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردیدا.

**ئامانجی توێژینەوە:** خۆی لە خستنەڕووی کاریگەریەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی وپێشهات وگۆڕانکارییەکانی دوای ڕوودانی بەسەر هەردوو جەنگی جیهانی لەسەر تایبەتمەندییەکانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی .

**بایەخ و گرنگی توێژینەوە:** خۆی لەو بارودۆخە سیاسی وگۆڕانکاری ڕۆشنبیریەی هۆشیاریە زیاترەی کە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وکوردستانیش بەخۆیەوە بینیووە ، کە بەهۆیەوە گۆڕانکاری گەورە لە ناوچەکەدا ڕوویاندا، بەتایبەتی هەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی 1914-1918 و شکستی دەوڵەتی عوسمانی و زیاد بوونی هەژموونی بەریتانیا و فەرەنسا لەناوچەکە, و بەستنی چەند ڕێککەوتنامەیەکی نێودەوڵەتی, دیارترینیان بریتي بوو لە ڕێککەوتنامەی سایکس بیکۆی 1916, شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917ی ڕووسیا

بوو كەكاریگەریان بەسەر بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی كوردییدا هەبووە , بووە هۆكاری هەڵگیرسانی چەندین شۆڕش و ڕاپەڕین لە ناوچەكانی كوردستان،گەشەكردن و بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی لەلایەن تاكی كوردەوە، سەرباری ئەوەی فاكتەرێكی گرنگ بوو بۆ بەهێزبوونی خەباتی چەكداری و ڕۆشنبیری, لەو پێناوەدا چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی كوردی دەرچوون و بوون بە پاڵپشت بۆ بەرەو پێشچوونی دۆزی كورد.

**میتۆدی توێژینەوە :**هەر توێژینەوەیەكی زانستی وئەكادیمی پێویستی بەمیتۆدێك هەیە تێدابەكاربهێنرێت ،بۆیە لەم توێژینەوەیەدا ئێمە پەیرەوی میتۆدی (خستنەڕو وشیكردنەوە) مان كردووە ، بۆ ئەو ڕووداوە وپێشهاتە مێژووییانەی كەلەماوەی نێوان هەردوو جەنگی جیهانی و كاریگەریان هەبووە لەسەر تایبەتمەندیەكانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی كوردی .

**پێكهاتەی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە پێكهاتووە** لە پێشەكیەك و دوو باس و چەند دەرئەنجامێك . باسی یەكەم تەرخانكراوە بۆ باسكردن لە تایبەتمەندیەكانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی كوردی لەسەر ئاستی نێوخۆدا ، كە تیایدا باس لە شێوازی سەركردایەتی كردنی بزوتنەوەكە دەكا كە لە ئەستۆی كەسایەتیە ئاینەكان و سەرۆك هۆزەكاندا بووە، هەروەها جەخت كراوەتەوە لەسەر گەشە كردنی هەستی نەتەوایەتی و ڕۆڵی ڕۆژنامەو گۆڤارەكان لەناساندنی دۆزی كورد بە جیهاندا.

باسی دووەم تایبەتە بەباس كردن و شرۆڤە كردنی ئەو تایبەتمەندییانەی كە خاوەن ڕووخسارێكی دەرەكی بووینە ,و كایگەریشیان لەسەر دۆزی كورد و بزوتنەوەكەیدا هەبووە, لەوانە دابەش كردنی كوردستان لە لایەن وڵاتانی زلهێز, هەروەها بەنێودەوڵەتیبوونی دۆزی كورد كە تایبەتمەندییەكی دیار و گرنگە لەم ماوەیەدا ئەمەش بە هەوڵ و تەقەلاكانی شەریف پاشای خەندان بوو كە لە ڕێگای یاداشتەكەیدا هەوڵی دا دۆزی كورد بخاتە نێو بەرنامەی كۆنگرەی ئاشتی پاریس لە 22ی ئازاری 1919, جگە لەوەش كاریگەری پەیماننامەی سیڤەر لە 10ی ئابی 1920 لەسەر دۆزی كورد ، هەروەها ڕاو بۆچوونی ئینگلیزەكان سەبارەت بە دۆزی كورد خراوەتە ڕوو. پاشان باسی هەوڵ و پیلانی وڵاتە هەرێمیەكان بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی كوردی بەتایبەتی لەپەیماننامەی لۆزان كە لە 24ی تەمووزی ساڵی 1923 لە نێوان توركیاو هاوپەیمانان لە شاری لۆزانی فەرەنسی مۆركرا, دواتر ئاماژەكراوە بە گەلاڵەنامەی سەعد ئابادی ساڵی 1937 وەك دوو نموونەی ئاشكراو دیار كەكاریگەریان لەسەر لاوازكردنی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی كوردییدا هەبوو . لە كۆتایی توێژینەوەكەماندا گەیشتوینەتە چەند دەرئەنجامێك كە لە چەند خالێكدا ئاماژەمان پێكردووە. بە شێوەیەكی گشتی لێكۆلینەوەكە پشتی بە چەندین سەرچاوەی جۆرا و جۆر بە زمانەكانی (كوردی و عەرەبی) بەستووە، لەوانە (عبدالفتاح علي البوتاني ، وثائق عن لحركة القومية الكوردية التحررية) و (جەعفەر عەلی ، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی كوردی) و (جەلیل جەلیلی ، بووژاندنەوەی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی كورد) كە بە گوێرەی شوێن و پێویستی وگرنگی خۆی بەكار هاتوون، لەوانە، هەروەها بۆ پشت ڕاستكردنەوەی بیر و بۆچوونەكانیش سوود لەگەلێك سەرچاوەی تایبەت بەو ماوە مێژووییە وەرگیراو.

### 2- تایبەتمەندیانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی كوردی لە سەر ئاستی ناوەخۆ

#### شێوازی سەركردایەتی كردنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی كورد

لەدیارترین سیما جیاوازەكانی بەر لەم قۆناغە و دواتریش لەم قۆناغەدا ئەوەیە كە ڕابەرایەتی كردنی زۆربەی بزووتنەوەی ڕزگاریخواری كوردی، لەئەستۆی كەسایەتیە ئایینی و سەرۆك هۆزەكاندا بوو ،ئەو كەسایەتیانە سەركردایەتی شۆڕش و ڕاپەرینەكانیان كردووە ،سەرباری ئەوەی زۆربەیان خاوەن دەسەڵاتی ئاینی و شێخانی تەریقەتە سۆفیگەریەكان بوون ،بەشێكیش لەو سەركردانە سەرۆكی هۆزە كوریەكان بوون ، هەندێكیش لەو سەركردانە خاوەن دەسەڵاتی ئاینی و هۆزایەتی بوون ، لەوانە شێخ عوبێدوڵلای نەهری كە بەر لەم قۆناغەدا بە بەیەكەمین سەركردەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی كوردی دادەنرێت لەدوای میرەكان ، لەم قۆناغەدا سەركردەكانی سەركردەی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی كوردی پشتیان بە دەسەڵاتە سیاسیە بۆ ماوەییەكان نەدەبەست، بەڵكو دەسەڵاتی ئاینی و پێگەی هۆزایەتیەكانیان لە ناو كۆمەڵگای كوردیدا قۆستەوە كردیانە ئامرازێك بۆ بەدەست هێنان و پیادەكردنی دەسەڵاتی سیاسی ( **عوسمان ، 2006، ل45 – 46** ) .

لە چاریەكی یەكەمی سەدەی بیستەمدا شێخ مەحمود كە یەكێك بوو لە كەسایەتیە ئاینیەكانی بنەماڵەی بەرزنجی، هەر لەكۆنەوە لایەنی ئاینی زۆر كاریگەری لە سەركردایەتی كردنی ئەم بنەماڵەیە هەبوو لە سلێمانی ، سەرەڕای ئەوەی زۆربەی پیاوانی بنەماڵەكە ئارەزوویان لە بواری ڕۆشنبیری و لە (اصول فقه) و ئەدەب و زمانەوانیدا هەبوو(**حەمە ئەمین ، 2008، ل14** )، شایانی باسە خانەوادەی بەرزنجی سەروەت و سامانێكی زۆریان لە ڕێگای ئاین و سیاسی بە دەست هێنابوو هەر ئەمەش یاریدەدەر بوو بۆ ئەوەی هەروەك ڕێبەرێكی ئاینی بمێننەوە و جڵەوی پێشەوایەتی كردنی لە دەست نەدەن ، یەكێك لەوانە شێخ محمود بوو . (**برونەسن ، 2003 ، ل134**) .

دوای نەمانی هێزی دەوڵەتی عوسمانی لە سلێمانی ، ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی ناوچەكە كەوتە دەست شێخ مەحمود ، بەریتانیەكانیش دەیانزانی زۆربەی خەڵكی ناوچەكە پشتگیری لە دەسەڵاتی شێخ مەحمود دەكەن ، دواتریش زانییان شێخ پیاوێكی لێهاتوو و بە دەسەڵاتە بۆیە بڕیاریاندا هاوكاری بكەن (**عوسمان ،2006، ل88)** ، بۆ ئەم مەبەستە بەریتانیا لە 16ی تشرینی دووەمی 1918 كەسێكی بەناوی "مێجەر نوئێل" ناردە شاری سلێمانی ، كاتێك هاتە سلێمانی لەگەڵ پیاو ماقوڵانی ناو شار و سەرۆك خێڵەكان كۆبۆووە و شێخ مەحمودی وەك حوكمداری كوردستان ناساند (**عارف، 2010 ، ل173**). بەڵام زۆری نەخایاند لە ساڵی 1919 میجەرنوئێل لەلایەن بەریتانیا لابراو ، "مێجەرسۆن"وەك حاكمی سیاسی لە شوێنی داندرا ، لە ڕاستیدا ناردنی سۆن بۆ سلێمانی لەو هەلومەرجەدا نیشانەی گۆڕانی هەڵوێستی ئینگلیز بوو بەرامبەر بە شێخ محمود بە تایبەتی و پرسی كورد لە باشوردا بە گشتی لە بەر ئەوە شێخ لە گەڵیان ناكۆك بوو، وڕێك نەكەوت ، چونكە شێخ مەحمود ئامادە نەبوو كوردستان بخاتە ژێر هەژموونی بەریتانیا (**نیزامە دین، 2002، ل45).**

دوای خراپبوونی ڕەوشەكە شێخ نامەیەكی بۆ مەحمود خانی دزلێ نارد كە بەهێزێكی سەربازی بۆ هاوكاری كردنی شێخ بێتە سلێمانی ،دوای گەیشتنی نامەكە مەحمود خانی دزلێ بە لەشكرێكی زۆر گەیشتە شاربازێر (**خواجە، 1968 ، ل37)**، دوای ماوەیەكی كەم توانیان هێزی بەریتانی لەناوچەكە دووربخەنەوە ، بۆیە بەریتانیا ناچار بوو سوپا بنێرێتە خانەقین و كفری و شوێنەكانی تر بۆ ئەوەی نەهێڵن ئەم ناوچانەش بكەونە ژێر هەژموونی و دەسەڵاتی شێخ محمود **(بابان ، 2004 ، ل219) .**

دوابەدوای ئەوە لە 22ی حوزەیرانی 1919 فەرماندەی سوپای بەریتانی جەنەڕاڵ فرایزەر گەیشتە دەربەندی بازیان ، پاشان لەگەڵ سوپاكەی شێخ محمود شەڕ ڕوویدا ، لە ئەنجامدا هێزی كورد شكستی خواردوو و شێخ محمود بریندار‌بوو لەناوچەی بەردە قارەمانە و پاشان لەلایەن سوپای بەریتانیا دەستگیركرا و ناردرا بۆ شاری بەغدا **(حەمە ئە مین ، 2008، ل22)**، دواتر لەلایەن دیوانی عورفی دادگایی كرا و حوكمی لە سێدارەدانی بەسەردا سەپێندرا ،دواتر حوكمەكەیان گۆڕی بۆ زیندانی هەتا هەتایی و ئینجا ناردیان بۆ هندستان **(سه جادي ، 1959 ، ل59) .**

جێگای ئاماژەیە لە باكوری كوردستانیش ، شێخ سەعیدی پیران كە شێخێكی سەر بە تەریقەی نەقشبەندی و خاوەن دەسەڵات بوو لەناوچەكە ، ئاواتی كوردستانێكی ئازاد و سەربەخۆ بوو لەژێر ڕۆشنایی یاسا و ڕێساكانی ئاینی ئیسلام، هەرچەندە لەو كاتەدا لە توركیا یاسا و ڕێساكانی ئیسلام پشتگوێ دەخران لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەكانیدا شێخ سەعید بیری لە ئەنجامدانی شۆڕش كردەوە، ئەم شۆڕشە تایبەتمەندی جیاواز هەبوو كە لە شۆڕشەكانی پێش خۆیدا بەدی نەدەكرا ، یەكێك لەو تایبەتمەندی ئەو شۆڕشە بریتی بوو لەوەی كە ئەو شۆڕشە پلان ونەخشەی بۆ دانرابوو **( برونەسن ، 2003 ، ل247)** دوای ئەوە كۆمەڵەی ئازادی كە كۆمەڵەیەكی نهێنی بوو لە ساڵی 1923 لە لایەن خالید بەگی جبران و یوسف زیا دامەزرابوو ، ئەم كۆمەڵەیە زۆربەیان لە ئەفسەرانی خاوەن ئەزموون پێكهاتبوو ، پەیوەندیان كرد بە شێخ سەعید و لە كۆتایی هاوینی 1923 لەگەڵ شێخ ڕێككەوتن لەسەر ڕێكخستن و كاروباری كوردانی باكووری كوردستان دژی توركیا (حە**سرتیان ، 2006 ، ل11)** .

پاشان شێخ سەردانی گوندی پیرانی كرد ، بەڵام سەرۆكی جەندرمەی تورك بە بێ ئەوەی هیچ ڕێزێك بۆ پلەو پایەی ئایینی شێخ دابنێت هەوڵی دەسگیركردنی هەندێك لە هاوڕێكانی دا ئەمە بووە هۆی ئەوەی لە 5ی شوباتی1925 پێكدادان لە نێوان جەندرمە و شێخ عەبدولڕەحمانی برای شێخ سەعید ڕووبدات پاشان دۆخەكە گرژی زیاتری تێكەوت وبووە هۆكاری سەرهەڵدانی شۆڕش **(عەلی ، 2010، ل106)** ،دوای ئەوە شێخ توانی لە شارۆچكەی پیران سوپایەكی بەهێز دابمەزرێنێ كە ڕۆژی 21ی ئازاری ڕۆژی نەورۆزی دەستنیشان كرد بۆ ڕاپەڕینێكی بەرفراوان بۆ دەركردنی سوپای توركیا لە كوردستان ، بەڵام كاتێك لەمانگی شوبات هێزێكی كەمالیەكان گەیستنە گوندی پیران ( بارەگای شێخ سەعید و شۆڕشگێران) شەڕ لەنێوان هەردوو لا دەستی پێكرد ، كوردەكان توانیان هێزەكەی تورك بشكێنن ، بەمجۆرە شۆڕش پێش وادەی خۆی لە ڕۆژی 7ی ئازاری 1925 دەستی پێكرد ،بەمەش توركەكان هێزێكی گەورەیان نارد بۆ بەرەنگاربوونەوەی شۆڕش ، كە سەرەتا كوردەكان سەركەوتن ، بەڵام دواتر هێزێكی گەورەی تورك ڕەوانكرا بەمەش هێزی كوردەكان تووشی شكست و كوشتارێكی زۆر بوویەوە. (**ئەرفەع** ،2009، **ل**69–70 ) .

دواتر لە ساڵی 1925شێخ سەعید وهاوڕێیەكانی لەلایەن سوپای توركیا بەدیل گیران و لە سێدارەدران . پاشان حكومەتی توركیا بۆ دامركاندنەوەی شۆڕش 430 گوندی سوتاند و 2000 كەسی زیندە بەچاڵ كرد وخەڵكێكی زۆریشی لەزێدی باوباپیرانی دوورخستەوە **(مەدەنی ، 2009، ل269-270) .**

شایانی باسە هۆكاری سەرنەكەوتنی شۆڕشەكە ، دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزی سوپای تورك و ڕەوانە كردنی (25) هەزار سەرباز لەڕێگای شەمەندەفەری سوریا لەباكوری حەلەب ، ئەویش دوای ئەوەی فەرەنسیەكان ڕێگەیان پێدان وهاوكاریان كردن و سنووری

سورییایان لەبەردەم واڵا کردن ، هەروەها ناردنی (6) تیپی پیادە بۆ ناوچەکانی (قارس و سەعرت وماردین )، جگە لەوەی بەریتانیا و یەکێتی سۆڤیەتی جاران وفەرەنسا هاوکاری تورکیایان کرد . لەلایەکی تر بەهۆی ئەوەی شۆڕش پێش وادەی خۆی دەستی پێکرد بەرنامە وپلانی شۆڕشەکە تێکچوو ، هەروەها زۆبەی سەرکردە سەربازیەکانی کورد بەر لەدەست پێکردنی شۆرش دەستگیر کران ، سەرباری ئەوەی زۆربەی ئەوانەی سەرکردایەتی شۆڕشەکەیان دەکرد ،شارەزاییەکی ئەوتۆیان نەبوو لەهونەر وتاکتیکی شەڕ ، لەگەڵ بوونی خەیانەتی چەند سەرۆك عەشیرەتێکی کورد کە پەیوەندیان بەکەمالیەکان کرد **(هەورامی ، 2002 ، ل115).**

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش "هۆزی شکاك" کە یەکێك بوو لەو هۆزە کوردانەی کە پێگەیەکی کۆمەڵایەتی تایبەتیان لە ناوچەکەو لەنێو بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی هەبوو ، گەورەی ئەم هۆزە ناوی "مەحەمەد ئاغا" بوو . دوای مردنی مەحەمەد ئاغا، جەعفەر ئاغا بوو بە گەورەی هۆزی شکاك ، دواتر لە 1905بە دەستی ئێرانیەکان کوژرا **(حسین ، 1998 ، ل143)** دواتر ئیسماعیل ئاغای شکاك "سمکۆ" دوای مردنی باوك و براکەی بووە گەورەی هۆزەکەی ، پاشان بەردەوام بوو لە پەلاماردانی دەوڵەتی قاجاری ،دوای ماوەیەك سمکۆ لەگەڵ عەبدولڕەزاق بەدرخان پرۆژەیەکیان داڕشت بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش و دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ ، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ستەمەکانی دەسەڵاتی ئێران و دژایەتیە بەردەوامەکانیان بۆ کورد **( هاوار ،2002 ، ل237).**

شایانی باسە لە ماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی سمکۆ هاوکاری دەوڵەتی عوسمانی کرد. هێزەکانی رووسیا دەستیان بەسەر ناوچەکەدا گرت و تورکەکانیان لێ دوور خستەوە ، بەمەش ڕووسیا بڕیاریدا هاوکاری کوردەکان بکات ، بەڵام پاش شۆڕشی بەلشەفی لە ئۆکتۆبەری1917 سوپای ڕووسیا لە ناوچەکە کشایەوە ، پاشان بۆشاییەکی سیاسی دروست بوو ، دەوڵەتە هاوپەیمانەکان ویستیان بە ئاشوریەکان پڕی بکەنەوە ، سمکۆ هەوڵیدا سوود لەم دەرفەتە وەربگرێت هەستا بە کوشتنی "مارشەمعون" پێشەوای ئاینی ئاشوری بەمەش ناوبانگی سمکۆ زۆر زیادی کرد **(ئەمین ، 1992 ، ل339) .**

دواتر لە ساڵی 1919 سمکۆ لەگەڵ هەموو سەرۆك هۆزەکانی کورد کۆبوویەوە وبڕیاریاندا بە دامەزراندنی "ئەنجوومەنی سەرۆك هۆزەکانی کوردستان" ، هەروەها لەم کۆبوونەوەیەدا باسی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی کرا**(عبدالله، 1998 ، ل158-159) .** پاشان لە ساڵی 1921 سمکۆ توانی چەند ناوچەیەك لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەکو مهاباد ، سەقز ، بانە ، سەردەشت ئازاد بکات ، دواتر زۆربەی شارەکان کەوتنە ژێر دەسەڵاتی شۆڕشگێڕان **(جليلي جليل واخرون ، 1992، ص132).**

دوابەدوای ئەوە لە ساڵی 1925 ڕەزاخان بوو بەشای ئێران ، پاشان سوپای ئێرانی پەلاماری ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی دا و 1930 شەڕی شەرکیازی لە نێوان سمکۆ و ڕەزاخان ڕوویدا **(سە جادی ، 1959 ، ل174)** ، لەم شەڕەدا کورد توشی شکست هات ، دوای شکستی کورد لەم شەڕەدا شۆڕشی کوردی دامرکایەوە ، سمکۆ ناچار بوو بەرەو ناوچە شاخاویەکان بڕوات ، هەر لەو ماوەیەدا سمکۆ چەند هێرشێکی کردە سەر سوپای ئێران وزەرەر و زیانێکی زۆری پێگەیاندن **( شەمزینی** ،2006، **ل**215–216 )

بۆیە کاتێك لە ساڵی 1930 حکومەتی ئێران بانگێشتنامەیەکی بۆ سمکۆ نارد ، سمکۆش بە چەند سوارەیەکی کەمەوە چوو بۆ بانگێشتەکە لە لایەن حکومەتی ئێرانەوە پێشوازی لێکرا ماوەی دوو ڕۆژ لە میوانداری کردن لە ڕۆژی سێیەمدا دەیویست بگەڕێتەوە بۆ شاری شنۆ، بەڵام هێزی ئێرانی دەوری کۆشکەکەیاندا و لە کاتی هاتنە دەرەوەی سمکۆ و پیاوەکانی دەکوژن بەم شێوەیە کۆتایی بە شۆڕشەکە هات **(هاوار ، 1995 ، ل638)** ، بۆیە لەگەڵ هەموو ئەو تێبینیانەی کە لە سەر خودی کەسایەتی سمکۆ ، و ڕاپەرینەکەشی دا هەبووە ، بەڵام دەتوانین بڵێین پیاوێکی تێکۆشەر بووە ولە هەوڵ و تەقالاکانی بۆ بەدیهێنانی مافەکانی کورد لەو بەشەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

دوای ئەوە ڕاپەرینی بادینان ، دژی داگیرکاری بەریتانیا لە ساڵی 1919 لە لایەن هۆزەکانی گۆیان دەستی پێکرد**(صابر ، 2001 ، ص201** ) ، کوردەکان بە هاندانی تورکەکان لە ناوچەی گۆیان نزیك زاخۆ بڕیاریاندا ڕووبەڕووی دەسەڵاتی ئینگلیز ببنەوە ، و لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوە ئەفسەری سیاسی ئینگلیز بەناوی کاپتن ( پێرسۆن ) یان کوشت ،دواتر ئینگلیزەکان هۆزی گۆیانی تاوانبار کرد**(کۆمەڵێك لە پسپۆران و ئەفسەرانی سیاسی ئینگلیز** ، 2002 ، **ل**60) ، لە تۆڵەی کوشتنی پیرسۆن چەند جارێك بۆردوومانی ناوچەکەیان کرد و ڕاپەرینەکیانە دامرکاندەوە **( عەلی** ،2010، **ل**366).

ڕاپەرین لە ناوچەی ئامێدی لە حوزەیرانی 1919 دژی داگیرکاری بەریتانیا دەستی پێکرد ، بە هۆی دانانی کاپتن (ویلی) لە شوێنی کاپتن (کاردن) ،چونکە کاپتن کاردن پەیوەندی دۆستانەی لە گەڵ سەرۆك خێڵە کوردەکان هەبوو ، بەڵام بەلادانی کاردن ، ئەم دۆستایەتیە بەردەوام نەبوو **(صابر** ، 2001 ، **ص**202 ) ، کوردەکان هەڵسان بە کوشتنی ویلی و ماکدولاند ، پاشان هێزەکانی

بەریتانیا هەڵمەتێكی سەركوت كەرانەیان دەست پێكرد ، و ڕاپەرینەكەیان كۆتایی پێهێنا ، و توانیان دەست بە سەر ئامێدی دابگرنەوە (**ویلسن** ،2010 ، **ل**217 ).

پشكۆی ڕاپەرینەكان لە ساڵی 1920 گەیشتە ناوچەكانی گەرمیان و خوارو هۆزە كوردەكانی خانەقین ، لە یەكەم لێدانیان كوردەكان (قزلرەبات) یان كە ئیستا ناوی گۆڕاوە بۆ (السعدیە) ، ڕزگاركرد و دواتریش (خانەقین) ، هەروەها لە (نەفتخانە) و (گۆڕەتوو)ش چالاكی دژی دامەزراوە بەریتانیەكان ئەنجام درا ، بەڵام لە ڕێگای هێنانی هێزی تر لە ئێران ، و بەكارهێنانی هۆزە كوردە لایەنگیرەكان بەریتانیەكان توانیان دەست بەسەر ئەو ناوچانە دابگرنەوە و شۆڕشگێران كشانەوە بەرەو شاخەكانی سەر سنوری ئێران ( **عوسمان** ، 2006، **ل**94 ).

لە لایەكی ترەوە لەباشووری كوردستان شێخ ئەحمەدی بارزان، كە یەكێك بوو لەو كەسایەتیانەی خاوەن دەسەڵاتی ئاینی و هۆزایەتی بووە لە یەك كاتدا كە شێخێكی تەریقەتی نەقشبەندی و سەرۆك هۆزیش بووە (**عوسمان** ، 2006 ، **ل**45) ، هەروەها یەكێك بوو لە سەركردەكانی باشوری كوردستان كە هەر لە زووەوە بەپشتگیری خێڵەكانی شێروان و دۆڵەمەری و مزوری و پیرۆزی و نزاری و گەردی دژایەتی دەسەڵاتی ئینگلیز و حكومەتی عێراقی كردووە (**خضر** ، 2001 ، **ل**24 )

دوای ئەوەی حكومەتی عێراقی لە ساڵی 1931 بڕیاریدا دەزگاكانی حكومەت و پۆلیس لەو ناوچەكە دابمەزرێنێت ، شێخ ئەحمەد دژی وەستایەوە (**عەلی** ، **2010** ، **ل236**) ، هەروەها لە بەهاری 1932 كاتێك بەرپرسانی بەریتانیا دەیانویست ئاشوریەكان لە دەوروبەری بارزان نیشتەجێ بكەن ، سوپای عێراق هاتە بارزان و مێرگەسور ، لەو كاتە چەند پێكدادان لە نێوان هێزی شێخ ئەحمەد و سوپای عێراق ڕوویدا و سوپای عێراق تێك شكا ، بەڵام بە هۆی بۆمباران كردنی ناوچەكەو شەڕو پێكدادانی قورس شێخ ئەحمەد و هاوڕێیانی پەنا دەبەنە بەر خاكی توركیا ، بەڵام بە هۆی ڕێككەوتنی نێوان توركیا و عێراق و بەریتانیا شێخیان ناردەوە عێراق ، حكومەتی عێراقی بڕیاری دوورخستنەوەی شێخ و بنەماڵەكەی و هەشتا كەس لە شۆڕشگێران بۆ شاری ناسریە لە باشوری عێراق دا (**كۆچێرا** ، **2011** ، **ل98**).

### 3- ڕۆڵی كۆمەڵە و ڕێكخراوە و ڕۆژنامەگەری كوردی لە گەشەكردنی هۆشیاری نەتەوەیی و ئاراستەكردنی بۆ ڕای جیهانی

دوای جەنگ تا ڕادەیەكی باش گەشەسەندنی هۆشیاری نەتەوایەتی و بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوایەتی و پەرەسەندنی لایەنی ڕۆشنبیری لە لای ڕۆڵەكانی گەلی كورد زیاتر خۆی دەنواند ، چونكە چەندین ڕێكخراو و كۆمەڵە و پارتی سیاسی سەریان هەڵدا شان بەشانی ڕێكخراو و كۆمەڵەكانی پێشوو كە چالاكانە كەوتبوونە كار بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەكانیان ، لە لایەكی تر ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوكراوەی نوێ بە دیار دەكەوتن كە گڕوتینێكی زیاتر و تەوژمێكی نوێتریان وەرگرتبوو و چالاكانە داكۆكییان لە دۆزی نەتەوایەتی كورد دەكرد ، ئەمە جگە لە بڵابوونەوەی نووسین و بڵاوكراوەی تایبەت لە لایەن ڕۆشنبیرە كوردەكان كەئاڕاستەی ڕای گشتی جیهان دەكران و داوای مافە ڕەواكانی گەلی كوردیان تیادا دەكرد( **كامەران عەلی** ، 2001 ، **ل**3 ) **.**

لەو ماوەیەدا ژمارەیەك كۆمەڵە و ڕێكخراو دامەزرا جۆراوجۆریان ئەنجام دەدا ، لەوانە:

- **كۆمەڵەی تەعمیمی مەعاریف و نەشرییات** : ئەم كۆمەڵەیە لە سەرەتای 1919 لە ئەستەمبۆل دامەزرا ، لقێكی كۆمەڵەی تەعالیی كوردستان بوو ، ئامانجی ئەم كۆمەڵەیە داهێنانی فەرهەنگێكی كوردی و قوتابخانە كردنەوە و كتێب چاپكردن و چاپخانە دانان و یەكخستنی كرێكارانی كورد بوو، كۆمەڵەكە بەرنامەی خۆی لە ژمارە (10) ی ڕۆژی 2ی شوباتی1919 گۆڤاری ژین دا بڵاوكردۆتەوە(یامولكي ،1999 ، ل67) . دواتر "مەم و زین"ی شاكاری ئەحمەدی خانی لە ساڵی 1919 لە ئەستەمبۆل بە چاپ گەیاند و لە شێوەی كتێب بڵاوكرایەوە(چاپی یەكەمی مەم و زین لە بەر گرنگی مێژوویی لە سەرچاوەكاندا بە چاپی ئەستەمبۆل ناو دەبرێ ، پرۆگرامی كۆمەڵە لە بیست بەند پێكهاتبوو لە گۆڤاری( ژین)دا بڵاوكرایەوە **(ئەڵاكۆم، 2005 ، ل124) .**

-**كۆمەڵەی كوردستان** : لە ساڵی 1922 لە لایەن دەستەیەك لە ئەفسەران و ڕووناكبیرانی كورد لە شاری سلێمانی دامەزرا هەر یەك لە (مستەفا عەزیز یامولكی ، ڕەفیق حیلمی ، ئەحمەد بەگ ، توفیق بەگ )..هتد ، لە دامەزرێنەرانی بوون ، كە ئامانجی ئەم كۆمەڵەیە لەو قۆناغەدا پشتیوانی كردنی شێخ مەحمود و ڕۆژنامەی بانگی كوردستان بوو **(شریف ، 1989 ، ص88).**

- **كۆمەڵەی ڕێكخستنی كۆمەڵایەتی كورد** ، (كۆمەڵەی تەشكیلاتی ئیجتیماعیەی كورد) : دوای لێكترازان كۆمەڵەی تەعالی كوردستان لە لایەن بەشێك لە ئەندامانی كۆمەڵەكەوە دامەزراوە ، ئەندامانی ئەمانەن (ئەمین عالی بەدرخان ، شوكری بابان ، فوئاد بابان ، عەبدوڵڵا جەودەت ..هتد(**ئەڵاكۆم، 2005 ، ل123 )** ، ئامانجی ئەم كۆمەڵەیە ڕزگاركردنی كوردستان و بەرزكردنەوەی ئاستی هۆشیاری و

سیاسی و کەلتوری بوو، لە ژێر ئاڵای کۆمەڵەی تەشکیلاتی کۆمەڵایەتیدا بەشێکی زۆری خوێندکارە کوردەکانی ئامۆژگاری باڵاکانی ئەستەمبۆل و ئەوروپا کۆبوونەوە. **(شەمزینی ، 2006، ل 162) .**

-**کۆمەڵەی تەعالی ژنانی کورد:** لە ساڵی 1919 لە ئەستەمبۆل دامەزرا ، ئەمە یەکەم کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردە، ئەم کۆمەڵەیە زنجیرەیەك چالاکی ئەنجامدا ، و ئەمینە خانمی هاوسەری شەریف پاشا بۆ سەرۆکایەتی کۆمەڵەکە دەستنیشان کرا (**ئەلاکۆم، 2005 ، ل123**) ، ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە بەرەو پێش بردنی ژنانی کورد بە هزرێکی سەردەمیانەوەو ، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار ،و کردنەوەی خولی خوێندن بۆ ئافرەتان ، پاراستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و پێشکەشکردنی یارمەتی بۆ منداڵانی بێ باوك و ئافرەتە بێوەژنەکان بە هۆی ئاوارەی و کوشتن) **(شریف ، 1989 ، ص47).**

-**کۆمەڵەی ئیستقلالی کوردستان**: لە ساڵ 1920 لە شاری سلێمانی دامەزرا ، ئەم کۆمەڵەیە لە چین و توێژی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر پێك هاتبوو ، کە چالاکترین ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵەیە (ماجد مستەفا) و (مەحمود جەودەت) بوون ، ئەمانە بەرنامەی کاریان داڕشتبوو لە سەر بنەمای پتەوکردنی ڕێزی نیشتمانپەروەرانی کورد و گەشەپێدان و برەودان بە هەستی نەتەوایەتی بە شێوەیەکی بەرفراوان ، چونکە ئەمانە نە باوەڕیان بە گەڕانەوە بۆ لای عوسمانی هەبوو ، و نە بە پاشکۆیەتی بۆ ئینگلیزەکان **(کاکەسور ، 2000،ل40).**

- **کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان :** ئەم پارتە لە ئەستەمبۆل بە سەرکردایەتی شێخ عبدالقادر شەمزینی دامەزرا ، توانی سەرۆك خێڵ و پیاوانی ئاینی و کەسایەتی ڕۆشنبیر لە خۆی کۆبکاتەوە ، ئەم پارتە ڕێبەرایەتی گەورەترین جوڵانەوەی چەکداری کرد لەباکوری کوردستان ، کە ڕاپەرینی ساڵی 1925 بە سەرکردایەتی شێخ سەعیدی پیران بوو ، ئەم ڕاپەرینە بناغەی هەڕەشەیەکی گەورە بوو بۆ سەر کۆماری تورکیا . **(شەمزینی ، 2006، ل 161).**

-**کۆمەڵەی خۆیبوون**: ئەم کۆمەڵەیە لە پایزی ساڵی 1927 لە لبنان لە شارۆچکەی بحمدون دامەزرا(**مەزهەر ، 2001، ل69** ) ، خۆیبوون خەباتی خۆی لە ڕەوشێکی زۆر نهێنی بەڕێوە دەبرد، ئەمەش لە پێناو برەودان بە خەباتەکەی چەند جارێك بنکەی خۆی گواستۆتەوە بۆ ووڵاتی شام ، بەڵام کاتێك حکومەتی تورکیا زانی فەڕەنسا یارمەتی کوردەکانی داوە ناڕەزایی دەربڕی ،دواجار فەڕەنسا بەدەم داخوازییەکانی تورکیاوە چوو کەوتە ڕاوەدونانی کوردەکان ، بۆیە خەبات گێرانی کورد ناوچەی ئاراراتیان کردە مەڵبەندی خەبات (**ئەمین ، 2000 ، ل109–110** ) ، بە دامەزراندنی کۆمەڵەی خۆیبوون سەرجەم کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکانی دیکە هەڵوەشانەوە و هاتنە ڕێزی ئەم کۆمەڵەیە ، هەر لە سەرەتاوە بەرنامەیەکی تۆکمەو ڕێك و پێکی بۆ خۆی داڕێشتبوو ، و توانی چەندین لقێك لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان دابمەزرێنێ ، دواتر لە نێوان ساڵانی 1927 – 1930 ئەم کۆمەڵەیە ڕۆڵێکی باڵای لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی گێڕا (**ئەحمەد حمەد ئەمین ، 2008 ، ل59-134** ) ، پاشان بڕیاریدا بە هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئاگرداغ بە سەرکردایەتی جەنەڕاڵ ئیحسان نوری پاشا، کە ئامانجیان سەربەخۆیی کوردستان و ڕزگاربوون لە ژێر دەستی تورك**(نیکیتین ، 2001 ، ص310)** .

- **کۆمەڵەی لاوان** : لە ساڵی 1930 لە پەیمانگاکانی بەغدا لە لایەن چەند کەسێکی ڕۆشنبیر دامەزرا ، ئامانج لە دروست بوونی ئەم کۆمەڵەیە ، بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبی و کۆمەڵایەتی بوو ، و هیچ مەبەستێکی ڕامیارییان نەبوو ، چالاکیەکانیان قەتیس بوو لە نێو قوتابیە کوردەکان کە مەحەمەد ئەمین زەکی ڕێنمایی دەکرد ، کە دوو ژمارەی گۆڤاری دیاری لاوانی دەرچوو ، کە تێدا چەند باسێکی ئەدەبی و چەند هاندانێکی نیشتمانی تێدا بوو ، و نووسەرەکانیان ئەمانەبوون (ئیبراهیم ئەحمەد ، حاجی قادر ، شاکر فتاح ، شاعیر گۆران) .

-**کۆمەڵەی دارکەر**: سەبارەت بە دامەزراندنی بیروڕای جیاواز هەیە ، هەندێك دەڵێن ، ئەم کۆمەڵەیە لە ساڵی 1937 لە کەرکوك لە لایەن کۆمەڵێك لە قوتابیان و ڕۆشنبیرانی کورد بە سەرۆکایەتی یونس ڕەئوف دامەزراوە (مەحمود ، 2012 ، ل57) ، هەندێکی تر دەڵێن ، لە شاری هەولێر دامەزراوە لە لایەن کۆمەڵێك لاوی ڕۆشنبیر دامەزراوە (**ئەحمەد عوسمان ، 2010 ، ل16)** ، بەڵام بە گوێرەی زۆری زانیاری سەرچاوەکان وا پێدەچێت لە شاری کەرکوك دامەزرا بێت ، ئەم کۆمەڵەیە لە حوزەیرانی 1937 لە باخچەیەك لە سەر ڕێگای کەرکوك – هەولێر یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست ، ئەم کۆمەڵەیە ئامانجی نەتەوەیی هەبوو داوای مافی نەتەوەی کورد و ئازادی میللەتی کوردی دەکرد ، ئەمەش وایکرد پەرەبسێنێ **(حیلمی، 2007 ، ل15)** ، ئەم کۆمەڵەیە لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان لقی هەبوو وەك سلێمانی و هەولێر و کۆیە و شەقلاوە و چەمچەماڵ و کفری ، زۆربەی ئەندامەکانی لە مامۆستا و قوتابی پێکهاتبوو ،ئەم کۆمەڵەیە لە دوا کۆنگرەی خۆیدا لە مانگی نیسانی 1939 ئەنجامیدا ناوەکەی گۆڕا بۆ پارتی هیوا و ڕەفیق حیلمی بە سەرۆکی باڵای ئەم پارتە دەست نیشانکرا **(دەلۆ ، 2010 ، ل102-103) .**

-**کۆمەڵەی برایەتی** : ئەم کۆمەڵەیە کۆمەڵەیەکی سیاسی بوو بە سەرۆکایەتی شێخ مەحمود لە ساڵی 1938 دامەزرا ، ئامانجی ئازاد کردنی کوردستان بوو ، هەر یەك لە (مەحمود صدیق شاویس ، ئیسماعیل حەقی شاویس ، مەحەمەد سەعید بەگ ) پشتگیرییان لێدەکرد. ( **شریف ،** 1989 **، ص**92– 93 ) .

شایانی ووتنە لە ماوەی نێوان جەنگی یەکەمی ودووەمی جیهانی کۆمەڵە و ڕێکخراو و پارتە سیاسیەکان شان بە شانی ڕێکخراو و کۆمەڵەکانی پێشوو چالاکانە کەوتبوونە کار بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان ، کە توانیان لەسەر ئاستی ناوەخۆیی و دەرەوەی کوردستان ڕۆڵی بەرچاو بگێرن لەئاستی ناوەوە توانیان هەستی نەتەوایەتی بەرز بکەنەوە و هۆشیاری نەتەوەی بڵاوبکەنەوە و هەموو ڕووداو پێشهاتە سیاسی وئابوری وکۆمەڵایەتیەکانی کوردستان پیشانی خەڵك بدەن و هانی خەڵك بدەن بۆ ئەوەی پشتگیری لە بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی بکەن ، لەسەر ئاستی دەرەوەش توانیان لەڕێگای نووسین وبڵاوکراوەکانی نووسەر و ڕۆشنبیران وکەسایەتی سیاسی کوردستان دۆزی کورد بە جیهان بناسێنن و ڕەخنە لەو ڕێککەوتنامانە بگرن کە زیان بەدۆزی کورد ومافە ڕەواکانی دەگەێنن .

هەرچی تایبەتە بە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیش لەو ماوەیەدا ژمارەیەك ڕۆژنامە و گۆڤار دەرچوون لەوانە:

- **ڕۆژنامەی المفید** : ئەم ڕۆژنامەیە لە لایەن یوسف حەیدەر و خەیرەدین زەرگەلی لە دیمەشق دەردەچوو ، دواتر لە 19ی مارتی 1918 وتارێکی درێژی سەبارەت بە سەربەخۆیی کوردستان بڵاوکردەوە و ژمارەیەکی یەکجار زۆری لێ چاپکرد و بە خۆڕایی دەدرا خەڵك لە بازاڕ و کۆڵانەکان لە ژێر ناونیشانی ( نامەیەکی واڵا بۆ کوردانی باکور و باشوری کوردستان ) .لەم وتارەدا داوا لە کوردەکان دەکات بۆ کوردستانێکی ئازادی و سەربەخۆیی هەوڵ بدەن ، لایەنگرانی بە شێوەیەکی نهێنی و چالاك کارەکانیان دەکرد لە شار و گوندەکان (**کۆمەڵێك لە پسپۆڕان و ئەفسەرانی سیاسی ئینگلیز** ، **2002 ، ل59).**

- **ڕۆژنامەی پێشکەوتن** : بە یەکەم ڕۆژنامە دادەندرێت لە باشوری کوردستان ، لەسەردەمی مێجەرسۆن ، چونکە کاتێك بووە فەرمانڕەوا (حاکم )ی سیاسی سلێمانی لە ساڵی 1920 دەستی کرد بە دەرکردنی ڕۆژنامەیەك بە ناوی پێشکەوتن (**خواجە** ، **1968 ، ل27)** ، ئەم ڕۆژنامەیە بووە مایەی دامەزراندنی ڕۆژنامەوانی سلێمانی و زیندوو هێشتنەوە و بەرەو پێش بردنی زمانی کوردی و بڵاوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی کورد ، لە لایەن (جەمال عیرفان ، شێخ نوری ، شێخ ساڵح ، جەمیل سائیب ) بەڕێوە دەبرا **(جەعفەر عەلی ،2004، ل218-219)** .

- **ڕۆژنامەی ڕۆژی کورد شەوی عەجەم** : ئەم ڕۆژنامەیە زمانحاڵی سمکۆ بوو لە ساڵی 1921 لە شاری ورمێ دەرچوو، و بە زمانی کوردی و فارسی بڵاودەکرایەوە(**ئەمین ،** 1992، **ل**353–354 ) .

- **ڕۆژی کوردستان** : ڕۆژنامەیەکی هەفتانە و زمانحاڵی حوکمداری شێخ مەحمود بوو ، لە شاری سلێمانی یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی 15تشرینی دووەمی 1922 بڵاو کرایەوە ، هەڵسوڕێنەر و لێپرساوی ڕۆژنامەکە محەمەد نوری بوو ، سەرنوسەرەکەی عەلی کەمال بوو(**جەباری ،1970، ل84)** ، لەم ڕۆژنامەیەدا ژمارەیەکی زۆر بابەتی هەمەڕەنگی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هۆنراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بڵاودەکرایەوە بە شێوەیەك کە ڕەنگدانەوەی بیری ناسیۆنالیزتانەی ڕووناکبیری ئەو سەردەمە بوو ، و لە هەوڵەکانی ئەم ڕۆژنامەیەدا ڕازی نەبوون بوو بەوەی باشوری کوردستان بە عێراقی عەرەبی یەوە بلکێندرێ ، یان کورد لە گەڵ عەرەب لە چوار چێوە و سنوری سیاسی یەك دەوڵەتدا بەیەکەوە بژین **(جەعفەر عەلی ،2004، ل222-223)** .

-**ڕۆژنامەی بانگی کوردستان:** لە ساڵی 1922 لە شاری سلێمانی دامەزرا ، ئامانجی ڕۆژنامەکە بڵاوکردنەوەی خوێندن و خوێندەواری وچالاکترکردنی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری کوردی و خزمەتکردن بە نەتەوە و هەوڵدان بۆ گەیشتن بە وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا لە رووی زانست و فێربوون و پیشەوە ، بابەت و نووسینەکانی بانگی کوردستان پەرەسەندنی هۆشیاری نەتەوەیی کورد و گەشەی ناسیۆنالیزمی کوردی بە ڕوونی پێوە دیاربوو ، لە دوای جەنگەوە بیری ناسیۆنالیزمی کورد بە ڕوونی لە وتار و نووسین و هۆنراوەکانی ڕوناکبیرانی بانگی کوردستاندا بەرجەستە ببوو ، نموونە هۆنراوەکانی رەفیق حیلمی و عەبدولقادر حیشمەت وێنەیەکی بەرزی دەربڕینی ناسیۆنالیستانە و پەرۆش بوون بۆ زانست و زانین دەردەخەن ، بانگی کوردستان لە گەڵ ئەوە نەبوو باشوری کوردستان بە عێراق بلکێنرێ و ئامانجی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردی بوو. **(جەعفەر عەلی ،2004، ل220-221).**

- **ڕۆژنامەی بانگی حەق** : ڕۆژنامەیەکی سیاسی و وێژەیی و کۆمەڵایەتی بوو ، هەفتەی جارێك لە شاری سلێمانی بە زمانی کوردی دەردەچوو ، یەکەم ژمارەی ئەم ڕۆژنامەیە لە 8ی مارتی 1923 دەرچوو ، دوای ساڵێك لە ژێر ناوی ئومێدی ئیستقلال دەرچوو. (**جەباری ، 1970 ، ل85)** .

- **ڕۆژنامەی ژیان**: لە ساڵی 1926 دەرچوو ، سەرنوسەرەکانی ڕۆژنامەکە هەر یەك لە مەحەمەد ئەدیب ، حسێن نازم و توفیق مەحمود یان (پیرەمێرد) بوون، ئەو ڕۆژنامەیە بۆ ماوەی 13 ساڵ بەردەوام بوو ، لە ژمارەکانی سەرەتای ڕۆژنامەکە چەندین بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و ڕۆشنبیری و هەواڵ و ڕاپۆرت بە تایبەت لە بارەی شۆڕشەکەی شێخ مەحمود و شاری سلێمانی تیایدا بڵاوکراوەتەوە ، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ لە سەر ڕۆژنامەکە ئەوەیە کە پاشەکشەیەکی گەورەی تیادا بەدی دەکرێ لە بواری سیاسی بە تایبەتی لە ژمارەکانی کۆتایی ، ئەم پانتاییەی زیاتر بۆ بواری ئەدەب و زانست و زانیاری تەرخان کردووە و وتارەکانی ڕۆژنامەی ژیان جۆراوجۆرن ڕەوشی پەروەردە و خوێندنی خستۆتە ڕوو ، دەست نیشانی کەم و کوڕیەکانی کردووە و چارەسەری گونجاوی بۆ داناون ، و جۆرە سیستەمەکەشی دیاریکردووە کە دەبێت بە شێوەیەك بێت لەگەڵ گیانی میللەت بگونجێت پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە کوردەوە هەبێت تاوەکو قوتابی بە باشی ئاشنایەتی لەگەڵ پەیدا بکات و لێی تێبگات ، هەروەها زمانی کوردی لە بواری خوێندن بە مافێکی سروشتی داناوە ، ڕۆژنامەکە بایەخێکی تەواو و جەخت لە سەر کردنەوەی قوتابخانەی کچان دەکات بۆ ئەوەی ئەوانیش هاوشان لە گەڵ کوڕان پەرە بە ئاستی خوێندن و هۆشیاری خۆیان بدەن ، لە چەند وتارێکی کۆمەڵایەتی باس لە گرنگی پایەی ئافرەت لە کۆمەڵگە دەکات و پێدانی مافەکانیان بە سومبلی پێشکەوتنی و شارستانی لە قەڵەم دەدات ، ڕۆژنامەکە بە شێوەیەکی ڕوون بارودۆخی خەڵکی کوردستانی خستۆتە ڕوو لە زۆر شوێن لە بەر خراپی ڕەوشەکە زمانی پاڕانەوەی بە کارهێناوە داوا لە ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران دەکات کە هەوڵبدەن بۆ بەدیهێنانی مافە نەتەوایەتیەکانی کورد و دەستنیشانکردنی کەم و کوڕیەکان و ئاوەدانکردنەوە و پێشخستنی کوردستان **(خضر ،2011، ل18-19).**

- **گۆڤاری هاوار** : لە لایەن کامەران بەدرخان و جەلادەت بەدرخان بڵاودەکرایەوە ، یەکەم ژمارەی لە 15ی ئایاری 1932 بە زمانی کوردی و فەڕەنسی دەرچوو تا ساڵی 1935 بەردەوام بوو **(مەزهەر، 2011، ل348).**

- گۆڤاری ژین : ئەم گۆڤارە لە ساڵی 1918 وەك ئۆرگانی ڕەسمی کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان لە ئەستەمبۆل بە دوو زمانی کوردی و تورکی بڵاوکرایەوە ، هەر یەك لە( کەمال فەوزی ، پیرەمێرد ، خەلیل خەیاڵی ، عەزیز یامولکی ، کەمال بەدرخان ) ڕۆڵیان هەبوو لە دەرچوونی گۆڤارەکە ، ئامانجی گۆڤارەکە بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتی خەڵکی کورد بوو ، لەم گۆڤارە بابەتی مێژویی و وتار و ڕەخنە وشیعر و پەخشان بڵاودەکرایەوە ، تەمەنی ئەم گۆڤارە تەنها ساڵێك بووو (25) ژمارەی لێ دەرچووە. **(بورکاي ،2008 ، ل243)**

**- گۆڤاری پەیژە** : ئەم گۆڤارە لە ساڵی 1927 لە شاری بەغدا دەرچوو، بەڕێوەبەر و خاوەن ئیمتیازی مستەفا شەوقی بوو ، لە گۆڤارەکە ڕێبازی بڵاوکراوەکە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی و نیشتمانی بووە ، لە وتاری "وەتەن میللەت" ئازاری نووسەر نیشان دەدات لە ئەشکەنجەی میللەتەکەی و بێ بەش بوونی لە مافەکانی دەخاتە ڕوو ، و ئاماژە بەوە دەکات کە کورد پێویستە لە مێژووی میللەتان وردبێتەوە تاوەکو هەست بەهۆی پاشکەوتنی خۆی بکات. **(خضر ،2011، ل21) .**

**4- ئەو تایبەتمەندیانەی کە سیما و ڕووخساری دەرەکی بوون دۆزی کورد و بزاڤەکە بە خۆیەوە گرتوون**

**- دابەش کردنی کوردستان و پیادەکردنی**

جەنگ هێشتا بەردەوام بوو لە گۆڕەپانەکانی ئەوروپاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ،چارەنووسی جەنگ دیار نەبوو کە چ لایەنێك سەردەکەوێت ، دەوڵەتانی ئیمپریالیستی ئەوروپا لە نێوان خۆیاندا کەوتبوونە گفتوگۆ بۆ ڕێکەوتن لە سەر چۆنیەتی دابەش کردنی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران ، بۆ ئەم مەبەستە ڕێککەوتننامەیەکیان بە ناوی سایکس بیکۆ1916 بەست , ( **ئەمین ،** 1992 **، ل**213 ). ئەم ڕێککەوتننامەیە بە یەکێك لە ترسناکترین ڕێککەوتنەکانی نێوان دەوڵەتە داگیرکارەکان دادەندرێت دەرهەق بە گەل کوردو نیشتمانەکەی ، سەرەڕای پشت گوێ خستنی مافە ڕەواکانی ئەوا ئاماژە بە دامەزراندنی چەند دەوڵەتێکی عەرەبی دەکات لە سەر خاك و نیشتمانی کورد ، دەرئەنجامەکانی ئەم پەیمانە دوای وەستاندنی جەنگی یەکەمی جیهانی زیاتر بەدیار کەوت کاتێك فەڕەنسا ویلایەتی موسڵی بۆ بەریتانیا جێهیشت ، سەرەڕای ئەوەی بەریتانیاو فەرەنسا بۆ مسۆگەرکردنی بەرژەوەندیە سیاسیەکانیان بێ گوێدانە هەستی نەتەوایەتی ناوچەکە یارییان بە چارەنووسی وڵاتەکە دەکرد**( سعید ، 2011، ل143).**

بۆیە دەبینین دواتر کاتێ ناوەرۆکی ئەم ڕێکەوتننامەیە ئاشکرا بوو گەڵی کورد پێیزانی ،کەوتە بەرخەباتکردنی زیاتر لە پێناو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی کورد لەسەر ئاستی سەربازی و ڕۆشنبیری .

شایانی باسە بەشی بەریتانیا بەپێی سایکس بیکۆ بریتی بوو لەدۆڵی ڕافیدەین ( میزۆ پۆتامیا ) کە لەناوچەی خانەقینەوە و کوردستانی باشوور دەست پێدەکات و درێژ دەبێتەوە لە بەشی ژوورو تا دەگاتە کوێت. (قەزاز ، 1971 ،ل47)خاکی سوریا و لوبنان ویلایەتی موسڵ لە باکووری عێراق و (کوردستانی ڕۆژئاوا) کەوتە ژێر دەسەڵاتی فەرەنسا **(بەکر ،2012 ،ل37)** ، هەرورەها خاکی فەڵەستین بوو بە خاکێکی نێودوەڵەتی . **(قەزاز ، 1971 ،ل47).**

ڕوسیاش لەو سەردەمە ڕۆڵێکی کاریگەری هەبوو ، بۆیە بەریتانیا و فەرەنسا بڕیارییاندا بیکەنە هاوپەیمان لەو پرۆژە داگیرکارییە لە ناوچەکانی(ئەرزەرۆم و تەرابزۆن و وان و بەتلیس و ناوچەی باکووری کوردستان تا سنورەکانی ئێران که لەدەریای ڕەشەوە تا ناوچەکانی موسڵ ( **قاسملو، 2006، ل48**)،شایانی باسە ڕێککەوتنامەی سایکس بیکۆ زەمینەیەکی لە باری سازکرد کە کوردستان بە پێی بەرژەوەندیەکانی ڕۆژئاواوە دابەش بکرێت.

**5- شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسیا 1917**

ڕوسیا لە کاتی جەنگی یەکەمی جیهانی توشی برسیەتی و باردۆخێکی نالەباری ئابوری بووە ، هەروەها بەهۆی جەنگەوە زەرەرو زیانێکی زۆر بە سوپا کەوتبوو کە ببووە هۆی کەمبوونەوە ونابوت بوونی سامان و گەنجینەی دەوڵەت ،ئەمەش کاری کردبووە سەر خراپ دابەشکردنی دەرامەت و بەرهەمەکانی وڵات کە بووە هۆکاری سەرهەڵدانی شۆڕش لە ساڵی 1917 بەسەرکردایەتی لینین لە روسیا (**فیشەر ، 2009، ل49**). ئەمەش قەیرانێکی نوێ لە ڕوسیا هێنا ئاراوە،حکومەتە تازەکە داوای لە سوپای ووڵاتەکەی کرد لە ناوچە داگیرکراوەکان بکشێتەوە و ڕیکەوتنە نهێنیەکانی ئاشکرا کرد بەم شێوەیە نەخشەو پیلانی هێزەکانی ئیمپریالیستی سایکس بیکۆ ئاشکرا بوو (**بورکاي ،2008 ، ل555**).

لە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر و بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتەکەی لینین دەربارەی ئاشتی کە داوای ئازادی بۆ گەلان و داگیرکردنی نیشتمانی میللەتان بەزۆر لکاندنی بە نارەوا پێناسە دەکرد، دەرکەوت ڕوسیا و ئینگلیز هەر لە سەرەتای جەنگەوە بەرپرسیاریەتی ڕۆژهەڵاتی تورکیایان لە نێوان خۆیاندا دابەشکرد بوو ،بەرپرسیاریەتی کوردستان وئەرمەنستان کەوتبووە ئەستۆی ڕوسەکان ، بەڵام لە دوای سەرکەوتنیان بەرپرسیاریەتی هەموو ناوچەکە کەوتە ئەستۆی ئینگلیز( **محەمەد ئەمین ،** 2010 ، **ل**107–108 ).

**6- دۆزی کورد لەبازنەی نێودەوڵەتیدا .**

**أ- کورد و کۆنگرەی ئاشتی پاریس لە ساڵی 1919**

دوای وەستانی جەنگی یەکەمی جیهانی سەرۆکی ئەمەریکا وڵسن نەیتوانی فەرەنسا و بەریتانیا ڕازی بکات بۆ ڕاگەیاندنی پەیمانێکی هاوبەش ، لە 8ی کانوونی دووەمی 1918لە بەردەم کۆنگرێسی ئەمەریکادا (14) بەندەکەی ڕاگەیاند لة بەندی دوازدە : دەستەبەرکردن و ڕێزگرتن لە سەروەری تورکیا سەربەخۆیی پێدانی مافی چارەی خۆنووسین بەو گەلانەی کە مل کەچن بۆ دەسەڵاتی عوسمانی و پێش خستنی گەلانی تر (**نوار و جمال الدين ، 1999 ، ص168-169**). دوای جەنگ و بڵاوبوونەوەی پرۆژە چواردە خاڵەکەی وڵسن بۆ ئازادی و سەربەخۆیی نەتەوە چەوساوەکانی ژێر دەستی عوسمانی و کۆنگرەیی ئاشتی لە پاریس یا نەی کوردان لە ئەستەمبوڵ و زۆربەی پیاوان و نیشتمانپەروەرانی کوردستانی باشوور شەریف پاشا هەڵدەبژێرن بۆ سەرۆکایەتی نوێنەرایەتی کورد بۆ کۆنگرەی ئاشتی لە پارس بۆ سەرخستنی کێشەی کورد ( **ئەمین ، 1992، ل230**) دوای ئەوە شەریف پاشا لە22ی ئازاری 1919دا یاداشتێکی دەربارەی خواستەکانی گەلی کورد پێشکەش بەکۆنگرەی ئاشتی کرد لە یاداشتەکەدا داوای دروستکردنی دەوڵەت و کوردستانی سەربەخۆی کرد لە ویلایەتە کوردنشینەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا (**پیربال ، 2001، ل79**) ، هەروەها بەهۆی بوونی ئەوناکۆکیەی کەوتبووە نێوان رابەرانی ئەو کاتەی کورد، شەریف پاشا وازی لە نوێنەرایەتی کورد هێنا (**کۆچێرا** ،2011، **ل**33) ،لەلایەکی تر بەهۆی ڕێکەوتن لە نێوان شەریف پاشا و نۆبار پاشای ئەرمەن دوو بیروڕای جیاواز لە ناو کورد دروست بوو. کوردانی ئەستەمبوڵ بەو ڕێکەوتنە ڕازی بوون لەهەمان کاتدا ئەندامەکانی بنەماڵەی بابان دژی ڕێکەوتنەکە بوون ،جگە لەوەش ژمارەیەك لە ڕابەرانی کورد هەڵوێستی ئەم دواییەی شەریف پاشایان بەدڵ نەبوو،لەبەر ئەوەی بڕوایان وابوو کەبۆ خزمەتی تورکەکان کاردەکات ، هەر بۆیە لە27ی نیسانی 1920 شەریف پاشا دەقی وازهێنانەکەی بەزمانی فەرەنسی پێشکەش بە کۆنگرەی ئاشتی کرد،بەم جۆرە کێشەی کورد لە کۆنگرەی ئاشتی بێخاوەن مایەوە کەسێکی تری لێهاتووی وەك شەریف پاشا نەبوو بتوانێ ئەم ئەرك و بەرپرسیارێتییە لە ئەستۆ بگرێت (**سەنگاوی ، 2000، ل**34–35 ) .

**ب/ کورد و پەیمانی سیڤەر 10ی ئابی 1920**

دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کۆمەڵێك پەیمان بەستراو چەند پەیمانێکیش بەسەر وڵاتانی دۆڕاوی جەنگ سەپێندرا ،لەوانە پەیمانی سیڤەر بەسەر دەوڵەتی عوسمانی سەپێندرا (**ناوخۆش ، 2000 ، ل23**)، پەیمانی سیڤەر لە10ی ئابی 1920 لەنێوان دەوڵەتی عوسمانی وبەریتانیاو فەرەنساو ئیتالیاو ژاپۆن ئەرمەنستان و بەلجیکاو یۆنان و پۆلەنداو پورتوگال و ڕۆمانیاو سربیا و کرواتیاو سلوانیاو چیکۆسلۆڤاکیا و حیجاز بەسترا ، وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو وەکو چاودێر و شەریف پاشا وەکو نوێنەری کورد بەشداری کرد(**قەزاز ، 1971 ، ل29**) . شایانی باسە ئەم پەیماننامەیە لە (13) بەش و (433) ماددە پێك هاتبوو . گرنگترین برگەکانی

سەبارەت بەکورد ماددەکانی (62-63-64) بوو کە دەکەونە بەشی سێیەمەوە بەتەواوەتی دانی بەسەربەخۆی کوردستان دانا **(باوەر ، 2004 ، ل33)** .

**7- ڕاو بۆ چوونی ئینگلیزەکان لە بارەی دۆزی کورد و پاشەڕۆژی باشووری کوردستان**

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی بوو ، ئینگلیزەکان هەر لە سەرەتاوە بە پێویستیان زانی ڕاو بۆ چونی خۆیان دەربارەی کیشەی کورد و پاشەرۆژی کوردستان بخەنەڕوو ، هەر دەسەڵاتدارێك لە لەندن و بەغداو ئەستەمبۆڵ و قاهیر راو بۆچونی خۆیان لەمر بارەیەوە خستە ڕوو بەشێکیان ڕاو بۆ چوونیان دەربارەی مافی کورد و وڵاتی کوردستان باش بوو ( **محەمەد ئەمین ، 2010 ، ل**136 ). بۆ ئەمر مەبەستە لە 9ی ئاداری 1921بەریتانیا لە قاهیرە کۆنگرەیەکی سیاسی گەورەی بەست بۆ گفتوگۆکردن و لێکولینەوە لە کاروباری ڕۆژهەڵاتی نزیك بە سەرۆکایەتی ونستون چەرچڵ وەزیری داگیرگاکانی بەریتانیا**(قەزاز ، 1971 ، ل172).**

لەمر کۆنگرەیەدا بڕیاری هەڵبژاردنی فەیسەڵی کوری حوسێن بۆ پاشای عێراق لە 15ی ئازاری 1921درا ، پاشان لە کۆبوونەوەی پێنجەمر دا باس لە دوا ڕۆژی کوردستان کرا لە سەر ئەمر مەسەلەیە ئەندامانی کۆنگرە بوون بە دوو بەش بەشی سەرەکی پێك هاتبوو لە چەرچڵ و هیوبرت یانگ یەکێك بوو لە فەرمانبەرانی داگیرگەکانی میجەر نوێل لە کوردستان کارگوزار بوو ئەمانە داوای قەوارەیەکی سەربەخۆی کوردیان دەکرد لە عێراق، بەشەکەی تر ئەندامانی کۆنگرە پێك هاتبوو لە سیر برسی کۆکس مەندوبی سامی بەریتانیا لە عێراق و مس بێل سکرتێری کاروباری ڕۆژهەڵات ،ئەمانە لەگەڵ ئەوە دابوون ناوچە کوردنشینەکان بلکێندرێت بەو دەوڵەتە عەرەبیەی کە بڕیارە دروست بکرێت ( **بەسری**،2002، **ل**38 ). برسی کۆکس لەو باوەڕە دا بوو کە ئەمر ناوچانە بەشێکن لە عێراق بە تایبەتی لە ڕووی ئابوورییەوە بە بێ گوێدان بە کۆنگرەی قاهیرە ناوچە کوردییەکان بووە بەشێك لە شانشینی عێراقی عەرەبی( **محەمەد ئەمین ، 2010 ، ل**218 ).

**8- چارەنووسی دۆزی کورد لە پەیمانی لۆزان 1923**

دوای سەرکەوتنی مستەفا کەمال ئەتاتورك بەسەر یۆنانیەکان و کشانەوەی هاوپەیمانان لە ئەستەمبۆڵ ،مستەفا کەمال هەوڵیدا پەیمانێکی تر ببەستی شوێنی پەیمانی سیڤەر بگرێتەوە ،بۆ ئەمر مەبەستە لە 25ی تشرینی دووەمی 1922 تاکو 24ی تەموزی 1923 لە شاری لۆزان کۆنگرەیەك لە نێوان ئەمریکاو روسیاو بەریتانیاو فەرەنساو ئیسپانیاو تورکیا بەسترا. **(حمدی ،1999، ل23).**

لەمر کۆنگرەیەدا دان بە دەوڵەتی تورکیای نوێدا نرا کورد و خاکی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی کردە سێ پارچەو باسی کوردستانی ئێران نەکرا(**مەدەنی** ، 2008، **ل**238–239 ). لەمر کۆنگرەیەدا کۆتایی بە مەسەلەی کورد هات ، لە بارەی مافی نەتەوایەتی و ئۆتۆنۆمی و سەربەخۆی چەند سپاردەو پاراستنێك بۆ کەمایەتیەکان دابینکرا کە لەمادەی (38-39) ئاماژەی پێکراوە ، لەمادەی (38) دەڵێت : لەسەر حکومەتی تورکیایە پەیمان بدات بۆ پاراستنی هەموو دانیشتوانی تورکیاو پاراستنێکی تەواو بۆ ماڵ و گیان و ئازادیان بەبێ جیاوازی کردن لە زمان و ڕەگەز و ئاین ،لە مادەی 39 دەڵێت : نابێت هیچ یاسایەك دەربکرێت دژی ئازادی ئەمر میللەتانە بێت کە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی تورکیادا بۆ بەکارهێنانی ئەو زمانەی کە دەیانەوێت بە کاری بهێنن و پێی بدوێن لە کاروبارییاندا ، بەتایبەتی لە بازرگانی و ڕۆژنامەوانی و ئاینی و نوسراوەکان لە کۆبوونەوە سیاسیەکان ( **سەنگاوی** ، 2000، **ل**36–37 ). بەمر شێوەیە پەیمانی سیڤەر هەڵوەشێندرایەوە بەبێ ئەوەی ڕای کوردەکان وەربگرن ،بۆیە لە دوای کۆنگرەی لۆزان دەرگا بۆ مستەفا کەمال واڵاکرا تا بە ئارەزووی خۆی بیرو باوەڕی تۆرانیەت پەیڕەو بکات ، بەمر شێوەیە کوردەکانی ناچارکرد بە زمانی تورکی بدوێن و هەڕەشەی کوشتن و لە سێدارەدانی بۆ چەندین کورد دەرکردوو، بەمەش شەپۆلێکی توندوتیژی کوردستانی گرتەوە. ( **حمدی** ،1999، **ل**25 ) .

پەیمانی لۆزان پیلانێکی تورکیا بوو بۆ لەناوبردنی مافی میللەتی کورد و بزووتنەوە ڕزگاریخوازە نەتەوەییەکەی بڕیارێکی نالۆژیکانەیە، ناکرێ بڵێین کۆتایی پێ هات، بەڵکو گورزێکی کوشندەی بەرکەوت ( **گوڵ** ، 1989 ،**ل**52–53 ). لەوکاتەدا کێشەی موسڵ هاتە ئاراوە لە نێوان تورکیا و عێراق ( عیسمەت ئینۆنۆ ) وەك نوێنەری تورك و لورد کیرزۆن نوێنەری بەریتانیا دیاری کرا بۆ دیاریکردنی سنوری ویلایەتی موسڵ ، لە 4ی شوباتی 1923 بڕیاردرا ئەگەر تورکیا و بەریتانیا ئەگەر لە ماوەی نۆ مانگ نەگەیشتنە هیچ ڕێکەوتنێك ئەوا پێوستە کێشەکە بنێردێت بۆ کۆمەڵەی گەلان **(عیسی ، 2014 ، ص62).**

دواتر کۆمەڵەی گەلان بەشێوەیەکی کاتی سنوری نێوان عێراق و تورکیای دیاری کرد ، سنوورەکە ناونرا هێلی ( بروکسل ) ،پاشان لێژنەیەکی تایبەتی سەر بە کۆمەڵەی گەلان سەردانی کوردستانی کرد ، دواتر ڕاپۆرتێکی کردەوەو داوای لە بەریتانیا کرد کە خاوەن دەسەڵاتە لە عێراق پێویستە بەرێوەبەرایەتیەك بۆ کوردەکان دابمەزرێنێ ، چونکە زۆربەی دانیشتوانی ئەمر ناوچانە کوردن پێویستە

دەوڵەتێکی کوردی دروست بکرێت . ئینجا کێشە موسڵ لە سەر داوای کۆمەڵەی گەلان خرایە بەردەم دادگای لاهای نێودەوڵەتی و دواتر بریاراندا هێلی بروکسل ببێتە سنوری نێوان عێراق و تورکیا ،و بەریتانیا پەیمانەکی (25) ساڵی لەگەڵ عێراق ببەستێ و داخوازیەکانی کوردیش جێ بەجێ بکرێ (**گوڵ** ، 1989،**ل**52–53).

9- **پشتگوێ خستن و پابەندنەبوونی وڵاتانی هەرێمی و زلهێزەکان بەرامبەر بە دۆزی کورد**

لە سەر ئاستی هەرێمی و نێو دەوڵەتی چەند پێش هاتێکی سیاسی هاتنە ئاراوە کە رێگا خۆش کەربوو بۆ هاوپەیمانان کە چاوێك بە بەندەکانی پەیمانی سیڤەردا بخشێنەوە ، دەستکاریان کرد ، کە کاریگەی لە سەر چارەنووسی دۆزی کورد و کێشە رەواکەی پەیدا بکەن ، لە دیارترینان دەرکەوتنی بزوتنەوەی نەتەوەیی تورك بووکە توانی سەرکەوتنە یەك لە دوای یەکەکانی بە سەر هاوپەیمانان بە دەست بهێنێت ، و ناچاریان بکات چاو پێ خشانێك لە سیاسەتەکانیان بکەن ، و فراوان بوونی دەسەڵاتی کەمالیەکان لە ناوچەکانی ئەنادۆڵ بە پالپشتی ڕوسەکان ڕێگاخۆش کاربوو بۆ بلاو بوونەوەی بەلشەفیەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ، دروست کردنی مەترسی بۆ پێگەی هاوپەیمانان لە ناوچەکەدا هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی هاوپەیمانان بۆ چونیان بگۆرێت لە بارەی کەمالیەکان هەوڵی خۆ نزیك کردنەوەی بدەن و رێکەوتنی دوو قۆڵی لە گەل کەمالیەکان مۆر بکەن ( **سعيد** ، 2011، **ل**160–161).

لەلایەکی تر ئینگلیزەکان بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان هەوڵیاندا پشتێنەیەك بە دەوری کوردستان بکێشن، ئەمەش لە ڕێگای دامەزراندنی چەند دەوڵەتێك و دروست کردنی چەند حکومەتێکی دەست کەلای خۆیان بەمەش لەلایەك دەیانویست ڕێی لە پەرەسەندنی هەژموونی یەکێتی سۆڤیەت بگرن ،لەلایەکی تر لەڕێگای ئەوانەو بتوانن ئامانجەکانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست بە دەست بهێنن و بەرژەوەندیەکانیان جێگیر بکەن ( **محەمەد ئەمین** ، 2010 ، **ل**172).

جێگای ئاماژەیە پەیمانی لۆزان بە بەراورد لەگەڵ سیڤەردا لە ڕووی نێو دەوڵەتیەوە هەنگاوەك بوو بەرەو دواوە ، هەروەها دۆزی کورد لە کێشەیەکی نێو دەوڵەتی بچووك کرایەوە بۆ کێشەیەکی ناوەخۆیی ئەمەش زیانێکی گەورەی بە دۆزی کورد و بزاڤە نەتەوەییەکەی گەیاند کە لە سیڤەردا باسی لە خواستی دروست کردنی دەوڵەتی سەربەخۆ لە ئارادابوو ، بەڵام دوای بەستنی پەیمانی لۆزان، تەنانەت شێوە دەسەڵاتدارێتییەکی وەکو(ئۆتۆنۆمی)ش بۆ کورد، بەڕهوا نەبینرا ( **سعيد** ، 2011، **ل**175).

پەیمانی لۆزان ئەگەر بۆ تورکەکان سەرکەوتنێکی گەورە بوو، لەڕاستیدا سەرەتای دابەشبوونێکی تر بوو، چونکە پێشتریش کوردستان دابەشکرابوو دەست پێکردنی چەوساندنەوەی نەتەوایەتی و سەرکوت کردنی بێبەزەیانەی کۆمەڵ کوژی لە کوردستان بوو(**مەدەنی** ، 2008، **ل**239). دوا بە دوای ئەم هەنگاوانە وڵاتانی زلهێز نەك هەر وازیان لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی هێنا ، بەڵکو یارمەتی ئەو دەوڵەتانەیان دەدا کە کوردیان بەسەر دابەش کرا بۆ لەناوبردن و سەرکوتکردنی ڕاپەرین و شۆرشەکانی کورد لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان ، ئەوە بوو ڕاپەرینێکی گەورە لە ساڵی 1925 لە کوردستانی تورکیا بەرپابوو بە سەرکردایەتی شیخ سەعید، کە لە ماوەیەکی کەم مەودایەکی بەرینی گرتەوە. یەکێك لە بەرچاوترین دروشمەکانی ئەو ڕاپەرینە دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ ( **عەبدوڵلا** ،2007،**ل**40) و هەڵوەشاندنەوەی بەندەکانی پەیمانی سیڤەری پەیوەست بە کوردو چارەنووسی کوردستاندا دروست کرد ، بەتایبەتی دەستە بژێری ڕۆشنبیرو ناسیۆنالیزمی کورد کەوتە بەردەم بەرپرسیارێتیەکی گەورە کەنەیدەتوانی بە ئاسانی چاو لەو نارەوایەتیە بپۆشیت کە بە ئاشکرا ولە شێوەی بەرنامەی دارێژراودا بەرامبەر بە نەتەوەکەی دەکرا **(قەرەداخی، 2007، ل264).**

**10- چارەنووسی دۆزی کورد لە گەڵاڵەنامەی سەعد ئاباد ساڵی 1937:**

تورکیا دوای ئەو سیاسەتە توندانەی بەرامبەر کوردەکان پەیرەوی کرد بۆی دەرکەوت کە کورد هەرگیز کۆڵنادەن و لە ناوناچن هەرچی کردووە بەرامبەریان بێ سوود بووە ، بیری لەوە کردەوە کە عێراق و ئێرانیش لە جینۆساید کردن و لە ناوبردن و توانەوەی کورد بەشداری بکەن وداواشی لێکردن پێکەوە هەوڵبدەن پەیمانی دۆستایەتی و دراوسێیەتی ببەستن **(قەزاز ، 1971 ، ل44).**

دوا بەدوای ئەمە لە 8ی تەموزی 1937 گەڵاڵەنامە سەعد ئاباد لە نێوان تورکیا و عێراق و ئێران و ئەفغانستان واژوکرا .ئەم پەیمانە لە (10) بەند پێك هاتبوو ، گرنگترین و ترسناکترین بەندی گەڵاڵەنامەکە بەندی(7) بوو لە بەندەکە دەڵێت: ( دەوڵەتی پەیمانکار بەڵێن دەدات لە مەڵبەندو سنورەکانی خۆیاندا ڕێگە نەدەن بە دامەزراندنی ڕێکخراو یا بە جموجۆلی تاقمی چەکداریانە ،یا ڕێکخستنێك کاربکات بۆ شێواندنی ئاسایش و ڕێك و پێکی بەشێك لە خاکی پەیمانکارەکەی تر سنوریی یا ناسنوریی بێت ، یاهەڵگەرانەوەی جۆری حکومەتی لایەنەکەی تر **( مستەفا ، 2007، ل25).**

لیرەدا بۆمان دەرکەوت کە دەوڵەتە هەرێمیەکان بەر لە بەدەوڵەتبوون هەڵوێستیان بەرامبەر بە نەتەوەی کورد و دۆزەکەی بە جۆرێك بوو, بە تایبەتی کەمالیەکان کە ئاینیان وەکو ئامرازێك بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری کوردەکان بۆ خۆیان بەکارهێنا , بەڵام دواتر

بە شێوەیەكی ستەمكارانە كەوتنە لەناو بردنی كورد و بزاڤەكەی  لە ئێرانیش ڕەزاخان بە هەمان شێوە , تەنانەت  بە هەمانگی لە ڕێگەی ڕێكەوتنامە و پەیماننامە هەرێمیەكان هەوڵیاندا ڕێگە بگرن لەوەی بەهیچ شێوەیەك شۆڕشی كوردی هەڵنەگیرسێت , گەلاڵەنامەی (سەعدئاباد) نموونە و بەڵگەیەكی ئاشكرای مێژووییە كە لە (8)ی تەمموزی ساڵی 1937 لە نێوان توركیا و ئێران و عێراق و پاكستان مۆركرا

بە ئامانجی پاراستنی ئارامیی سەر سنووری نێوان دەوڵەتەكان و راوێژكردنیان بوو، لە سەر مەسەلە هاوبەشەكان ، هاوكات هیچ لایەكیان دەست درێژی نەكاتە سەر لایەكەی تر ، لە ڕێگای ئەو پەیماننامەیە چارەسەری زۆر ناكۆكی مێژووی نێوان ئەم دەوڵەتانە دۆزرایەوە ، دواتر ئەنجومەنێكیان بۆ هەر چوار هێزی ڕۆژهەڵاتی دامەزراند تاكو ساڵی جارێك تێیدا كۆبنەوە ، یەكێك لە ئامانجەكانی ئەو ئەنجومەنەش بیرو ڕاگۆڕینەوە بوو لە نێوان هەر چوار دەوڵەتدا تا لە كۆمەڵەی گەلان پشتگیری یەكتر بكەن. بەم چەشنە دوای بەستنی ئەو پەیمانە هەر چوار وڵاتی داگیركەری كوردستان كەوتنە لێدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیەتەوەیی كورد و هەوڵی سڕینەوەی شوناسی نەتەوەی كوردیان دا.

**11- ئەنجام**

 لەم توێژینەوە بە چەند ئەنجامێك گەیشتووین كە ئەمانەن:

 1- هەستی نەتەوایەتی و بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی كوردی لە چوارچیوەی دۆزە ڕەواكەی وابەستەن بەیەكەوە كە بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەیی و نیشتمانییەكان تێدەكۆشان.

2-  سەركردایەتی كردنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی كوردی لە ژێر دەستی كەسایەتیە ئاینیەكان و سەرۆك هۆزەكان شتێكی ئاوا ئاسایی نەبوو، بە تایبەتی كەسایەتیە ئاینەكان , چونكە ئاین وەك بەهێزترین و كاریگەرترین هۆكاری دیاری داگیركاری و ستەمكاری بێگانە ڕەت دەكاتەوە, جگە لەمەش گەلی كورد پابەندیەكی بەهێزی بۆ ئاینی ئیسلام بە تایبەتی هەبووە لە مێژوو, هەرچی سیستەمی هۆزایەتیە لەنێو كورد كە باو بووە هۆكارێك بووە بۆ ڕێبەرایەتی كردنی بزاڤە نەتەوەییەكە , و كۆمەڵگەی كوردی پێوەی پابەندبوو.

3-  لە دوای كۆتایی هاتنی جەنگی یەكەمی جیهانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی كوردی پێی نایە قۆناغێكی نوێ  كەلە چەندین ڕووەوە گەشەسەندنی بە خۆیەوە بینی .

4- لەسەر ئاستی ناوەخۆی كورد , لە ماوەی نێوان جەنگی یەكەمی ودووەمی  جیهانی چەندین كۆمەڵە و ڕێكخراو و پارتی ڕامیاری سەریان هەڵدا , شان بە شانی ڕێكخراو و كۆمەڵەكانی پێشوو چالاكانە كەوتبوونە كار بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نەتەوەییەكان.

5- لەم توێژینەوەیەدا دوو تایبەتمەندی گرنگ و سەرنج ڕاكێش خۆیان دەنوێنن كە جێی هەڵوێستە كردنە , ئەویش لە لایەك دۆزی كورد و هاوكێشەكەی بوو بە دۆزێكی نێودەوڵەتی , ئەمەش بۆ ڕۆڵی شەریف پاشا  و چالاكی و هەوڵ و تەقەلاكانی لە كاری ڕامیاری و دبلۆماسی خۆی دەگەڕێتەوە . تایبەتمەندیەكەی تر ڕاو بۆچوونی ئینگلیزەكان بوو لە بارەی دۆزی كورد و چارەنووسی كوردستان , كە لەسەر دەسەلاتدارێك لە بەغدا و چ لە لەندەن و ئەستەمبۆل و قاهیرە ڕاو بۆچونی خۆیان خستەڕوو , دەربارەی كورد و خاكی كوردستان.

12- **پەراوێزەكان**

**- شێخ مەحمود** : كوڕی شێخ سەعیدی كوڕی شێخ محەمەدی كوڕی حاجی كاك ئەحمەدی شێخی كوڕی حاجی شێخ مارفی نۆدێی ، لە ساڵی 1884ز لە گەڕەكی كانێسكانی سلێمانی لە دایك بووە ، شێخ خوێندنی سەرەتایی لە حوجرەی مزگەوت بووە هەروەها زانستی شەرع و فقە و تەفسیرو دەستووری سۆفیەتی خوێندووە ، واتا شێخ لە بنەماڵەیەكی خوێندەوار پەروەردە بووە شێخ هەر لە منداڵیەوە ناوبانگی دەركردبوو لە ناو دێهات و خێڵە كوردیەكان بۆیە هەژموونی و خانەوادەكەی گەلێك سوودمەند بوون تا گەیشتنە پلەیەكی بەرزی سەركردایەتی ، شێخ ئامانجی سەربەخۆیی كوردستان بوو ، دواتر لە 1956/10/9ز كۆچی دوایی كرد. بۆ زیاتر زانیاری لە بارەی ژیانی شێخ مەحمود ، بڕوانە: **ئاراس كریم احمد ، شۆرشی شێخ محمود وبەریتانیا ، چاپخانەی شڤان ، دهۆك ، 2018، ل22.**

**- مێجەر نوئێل :** ئەفسەرێكی بەریتانی بوو لە هەمان كاتدا بەهۆی گەشتەكەی بۆ كوردستان شارەزای خاكی كوردستانیش بوو لەسەرەتا لەناو هۆزی بەختیاری كاری دەكرد لە ووڵاتی فارس، لەكاتی جەنگی یەكەمی جیهانی چاودێری چالاكیەكانی ئەڵمانی دەكرد لەناوچەكەدا ، لەناوەڕاستی تشرینی دووەمی 1918 وەكو حاكمی سیاسی لەكەركوك دەمەزرا . دواتر وەكو ڕاوێژكار لەگەڵ شێخ مەحمود كاری كردووە . بڕوانە: **المس بیل ، فصول من تأریخ العراق القریب ، ترجمة : جعفر الخیاط ، دار السلام للطباعة والنشر ، بیروت ، 1971،ص208.**

- **مێجەرسۆن** : ناوی ئیلی بانیستەر سۆن بوو لە ساڵی 1881ز لە کزنگێن لە دایك بووە ، سۆن پیاوێکی زمان زان بوو زمانی کوردی و فارسی باش زانیوە لە ساڵی 1902 دەچێتە ئێران لە ساڵی 1905 وا خۆی پیشان دەدات کە پابەندی ئایینزای شیعەیە پاشان دەبێتە بەڕێوەبەری بانکی شاهەنشاهی ئێران لە کرمانشان لێرەوە دەست دەکات بە زمانی کوردی ، پێش جەنگی یەکەمی جیهان بە ناوی میرزا غولام حسین لە هەڵەبجە و سلێمانی ماوەیەك ژیاوە لە ناو کوردەکاندا هاوڕێی زۆری هەبوو لە دوای لابردنی مێجەرنوئێل لە ساڵی 1919 کاروباری ناوچەی سلێمانی لە لایەن بەریتانیاوە پێی دەسپێرن ، سۆن دوژمنی سەرسەختی شێخ بووە. **ئی.ب.سۆن ، چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو ، و: نەجاتی عەبدوڵلا ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ، 2007 ، ل17-15 .**

- **شێخ سەعید** : کوڕی شێخ عەلی سەپتی لە ساڵی 1860 لە گوندی بالۆ لە دایك بووە دەگەڕێتەوە بۆ خێزانێکی ئاینی دێرین کە زیاتر لە 50 ساڵ خزمەتی زانستی ئیسلامی و تەریقەتی سۆفیەتیان کردووە لە سەر دەستی مامی زانستە ئیسلامیەکانی وەك ( فقە ) و ( اصول الدین ) و ( النحو ) و فەلسەفەی خوێندووە . **م.أ. حەسرەتیان ، ڕاپەرینی کوردان لە ساڵی 1925 ، و: جەلال دەباخ ، چ2 ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2006 ، ل11 .**

- **کۆمەڵەی ئازادی** : کۆمەڵەیەکی نهێنی بوو لە ساڵی 1923 دامەزرا لە لایەن خالید بەگی جبران و یوسف زیا ڕێکخراوەکە زۆربەیان لە ئەفسەرانی خاوەن ئەزموون پێکهاتبوو بنکەی سەرەکی ڕێکخراوەکەش ئەرزەڕۆم بارەگای تیپی هەشتەم بوو لە ساڵی 1924 کۆمەڵەی ئازادی یەکەم کۆنگرەی بەست . **کاوە بەیات ، شۆڕشی ئاگری داغ ، و: ئەبوبکر خۆشناو ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، سلێمانی 2000 ، ل20.**

- **ئیسماعیل ئاغای شکاك ( شکاك** ) : ساڵی 1875 لە دایك بووە کوڕی محمد ئاغایە لە هۆزی شکاك لە دوای مردنی باوك و براکەی دەسەڵاتی وەرگرتووە ، لە تەمەنی 20 ساڵی بۆتە سەرۆك هۆزی شکاك . **ئاوارە حسێن ، کورد و دەوڵەت ، چاپخانەی سیما ، ب.ش ، 2010 ، ل35 ؛ هۆشمەند عەلی محمود ، سمکۆی شکاك ، گۆڤاری کوردستان لە سەدەی 21 ، ژمارە (9) ، 2010 ، ل76 .**

- **شێخ ئەحمەدی بارزان :** کوڕی محەمەد کوڕی عەبدولسەلامە لە دەوروبەری ساڵی 1892 هاتۆتە دنیا ، لە ئاکامی لە سێدارەدانی شێخ عەبدولسەلامی برای لە موسڵ بە هۆی ڕاپەرینەکەی دژ بە دەسەڵاتداریەتی تورکی ، شێخ ئەحمەد سەرکردایەتی خێڵەکانی کوردی بارزان ناوچەی زێبار دەگرێتە دەست ، لە ساڵی 1932 ناوچەی بارزان جێ دەهێڵێت ڕوو دەکاتە تورکیا لەوێشەوە دەدرێتەوە دەست کاربەدەستانی حکومەتی عێراق و بۆ باشور دوور دەخرێتەوە ، لە ساڵی 1943 لە گەڵ مەلا مستەفای برای شۆڕش بەرپادەکات ، لە 11ی کانوونی دووەمی 1969 لە بەغدا کۆچی دوایی دەکات . **میر بەسری ، ناودارانی کورد ، و: عەبدلخالق عەلائەدین ، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، 2002 ، ل47-48 .**

- **وڵسن** : ناوی راستەقینەی تۆماس وودرۆوڵسن لە 28ی کانوونی یەکەمی 1856 لە دێیەکی بچووك لە باشووری ستانتون لە ویلایەتی فێرجینیا لە دایك بوو ،28مین سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە دوو جار بۆ سەرۆکی ئەمریکا هەڵبژاردراوە لە ساڵی 1913-1921لە 3ی شوباتی 1924لە واشنتن کۆچی دوای کردووە . بروانە : **احمد خليل حربي، تاريخ الولايات المتحدة الاميركية الحديث والمعاصر ، دار النهضة العربية لطباعة والنشر ، سوريا ، 2015 ، ص128.**

**13. لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم/کتێب "**

- **کوردییەکان:**


- ئاراس کریم احمد ، شۆرشی شێخ محمود وبەریتانیا ، چاپخانەی شڤان ، دهۆك ، 2018.
- ئومێد حەمە ئەمین ، شێخ محمودی حەفید 1920- 1922، چاپخانەی چوارچرا ، ب . ش ، 2008.
- ئی . ب . سۆن ، چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو ، و: نەجاتی عەبدوڵلا ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی، 2007.
- ئارام عەلی ، پەیوەندی نێوان کورد و روسیا کوردستانی قەفقاز یا سوڤێتی ، چاپخانەی لیرە ، سلێمانی ، 1999.
- ئاوارە حسین ، کورد و دەوڵەت ، چاپخانەی سیما ،ب . ش ، 2010.
- ئەحمەد باوەر ، چەند لاپەرەیەك لە مێژووی هاوچەرخی کورد ، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ،

2004.

- ئەحمەد حەمە ئەمین ، دۆزی کورد لە چەند باسێکی مێژووییدا ، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، 2008.
- ئەحمەد خواجە ، چیم دی ، چاپخانەی شفیق ، بغداد ، 1968.
- ئەفراسیاو هەورامی ، شۆرشی شێخ سەعیدی پیران و سوڤێت لە بەلگەنامە و چاپەمەنییەکانی سوڤێت دا ، و: حەسەن عەبدولکەریم ، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ، 2002.
- جەعفەر عەلی ، ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمی کوردی ، چاپخانەی رەنج ، سلێمانی ، 2004.
- جەلیل جەلیلی ، بووژاندنەوەی روشنبیری و نەتەوەیی کورد ، و: صدیق صالح ، چاپخانەی هەوال ، ب.ش ، 2000.
- جەلیلی جەلیل ، کوردەکانی ئیمپراتوریەتی عوسمانی ، و: کاوس قەفتان ، چاپخانەی دەزگای روشنبیری و بلاوکردنەوەی کوردی ، بغداد ، 1987.
- حسین مەدەنی ، کوردستان و ستراتیژی دەوڵەتان ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، 2008.
- ژێرارد چالیاند ، گەلێکی پەژموردە و نیشتمانی پەرت، و: م گومەیی ، سوید ، 1998.
- رەفیق حیلمی ، یاداشت ، چ(3)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، 2003.
- رۆهات ئالاکۆم ، کوردەکانی ئەستەمبۆلی کۆن 1453- 1925 ، و: ئەحمەد تاقانە ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2005.
- سەعدی عوسمان هەروتی ، بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2006.
- سەلام ناوخۆش ، دۆزی کورد لە نێوان بەرداشی مارکسیەت و دیموکراسیەتدا ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، 2012.
- شکرالله بابان ، میژووی کورد و کوردستان ، چاپخانەی شڤان ، ب . ش ، 2002.
- صالح محمد ئەمین ، کورد و عەجەم مێژووی سیاسی کوردەکانی ئێران ، ب . ش ، 1992.
- عبدالرحمان قاسملو ، کوردستان و کورد ، و: عبدالله حسن زادە ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، 2006.
- عەبدولعزیز یاموکی ، کوردستان و ڕاپەرینەکانی کورد ، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ، 1999.
- عەتا قەرەداخی ، کۆتاری ناسیونالیزمی کوردی ، چاپخانەی ڕەنج ،ب .ش ، 2007.
- عەزیز شەمزینی ، جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان ، و: فەرید ئەسەسەرد ، چ(4)، چاپخانەی سەنتەری لێکولینەوەی ستراتیجی کوردستان ، سلێمانی ، 2006.
- عەلائەدین سەجادی ، مێژووی ڕاپەرینی کورد ، چاپخانەی مەعاریف ، ب . ش ، 1959.
- عمر الدیراوی ، جەنگی جیهانی یەکەم ، و : سەفین لاوچاك ، چاپخانەی چوارچرا ، سلێمانی ، 2009.
- عوسمان عەلی ، چەند لێکولینەوەیەك دەربارەی بزاڤی هاوچەرخی کورد ، و: کامەران جەمال بابان ، چاپخانەی ڕێی نوێ ، بگ(1) ، هەولێر ، 2010.
- فارووق محمد محمد ئەمین ، بزوتنەوەی کەمالی و روخاندی خەلافەتی ئیسلامی ، چاپخانەی مالپەری ناوەندی ئەیوبی ، ب . ش ، 2011.
- فەرهاد پیربال ، ژەنەراڵ شەریف پاشا ، چاپخانەی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، 2001.
- کامەران ئەحمەد محەمەد ئەمین ، کوردستان لە سیاسەتی هەرێمایەتیدا 1932- 1955 ،چاپخانەی لێکولێنەوەی فکری ئەدەبی نما ، هەولێر ، 2010.
- کوردستان لە نێوان ململانێی نیو دەوڵەتی و ناوچەییدا ، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ، 2000.
- کاوە بەیات ، شۆرشی ئاگرداغ ، و: ئەبوبکر خۆشناو ، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری ، سلێمانی ، 2000.
- کەمال بورکای ، کورد و کوردستان ، و: عەلی فەتحی ، چاپخانەی منارە ، هەولێر ، 2008.
- کەمال مەزهەر ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2011.
- کورد و کوردستان لە بەلگەنامە نهێنیەکانی حکومەتی بەریتانیا ، بگ (1) ،چ(2) چاپخانەی گرین گلۆری ، لوبنان ، ب. س.
- کوردستان لە ساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهاندا ، چاپخانەی کوری زانیاری کورد ، بغداد ، 1975.
- کرێس کۆچێرا ، کورد لە سەردەی نوزدە و بیست دا ، و: حەمە کریم عارف ، چ(3) ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، 2011.
- کرێکار عبداللە حسین ،کورد و ئاشوری ، سلێمانی ، 1998.
- لازارییف ، ئەو هۆکارانەی مەسەلەی کورد پێك دێنن ، و: سعدی عبداللە ، ب . ش ، ب . س.

- مێژووی کوردستان ، و: هۆشیار عبدالله سەنگاوی ، چ(2) ، هەولێر ، 2010.
- م.أ. حەسرەتیان ، ڕاپەرینی کوردان لە ساڵی 1925 ، و: جەلال دەباخ ، چ2 ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، 2006 .
- مارف عومەر گول ، کێشەی کەسایەتی یاسایی نێو نەتەویی گەلی کورد ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، 1999.
- محەمەد ساڵح عەقراوی ، کورد و دەوڵەتی سەربەخۆ بەپێی بەڵگەنامە نێو دەوڵەتیەکان ، چاپخانەی خانێ ، دهۆك ، 2007.
- محمد عەبدوڵڵا کاکە سور ، ڕۆلی سیاسی و کەلتوریی ئەفسەرانی کورد لە بزاڤی کوردایەتی کوردستانی باشوردا ( 1921 – 1945 ) چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، ب . ش ، 2000.
- محمد رسول هاوار ، سمکۆ(ئیسماعیل ئاغای شکاك)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، 2002.
- میر بەسیری ، ناودارانی کورد ، و: عەبدول خالق عەلادین ،چاپخانەی دەزگای  چاپ و پەخشی سەردەم ،2002.
- نەجم سەنگاوی ، خەباتی چەکداری و رامیاری نەتەوەی کوردی ، چاپخانەی پەیوەند ، ب. ش ، ب . س
- نەو شێروان مستەفا ئەمین ، حکومەتی کوردستان کورد لە گەمەی سوڤیتی دا ، چ(3)، چاپخانەی تیشك ، سلێمانی ، 2007.
- نوری دەرسیمی ، دەرسیم لە میژووی کوردستاندا ، و: ئەحمەد فەتاح دزەیی ،هەولێر ، 2001.
- ه . ا .ل فیشەر ، مێژووی نوێی ئەوروپا 1789-1950 ، و: شوکر سلێمان و سەروین ئەرجان ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، 2009.
- ولید حمدی ، کورد و کوردستان لە بەلگەنامەکانی بەریتانیا ، و: محەمەد نوری توفیق ، چاپخانەی ئوفیستی هەوال ، سلێمانی ، 1999.

**- عەرەبیەکان:**

- احمد خليل حربي، تاريخ الولايات المتحدة الاميركية الحديث والمعاصر ، دار النهضة العربية لطباعة والنشر ، سوريا ، 2015 .
- المس بيل ، فصول من تأريخ العراق القريب ، ترجمة : جعفر الخياط ، دار السلام للطباعة والنشر ، بيروت ، 1971،ص208.
- باسيلي نيكيتين ، الكرد دراسة سوسيولوجية و تاريخية ، ط2 ، مطبعة دار الساقي ، لبنان ، 2001.
- حامـد محمـود عيسى ، القضـية الكرديـة في العـراق مـن الاحـتلال البريطـانى الى الغـزو الامـريكى 1914-2004،مكتبـة مدبولي ،القاهرة ،2009.
- خضير مظلوم فرحان البديري ، التاريخ المعاصر الايران و توركيا ، بغداد ، 2009.
- سروه اسعد صابر ، كوردستان من بداية الحرب العالمية الاولي الي نهاية مشكلة الموصل 1914 – 1926 ، مطبعة وزارة التربية ، اربيل ، 2001.
- عبدالستار طاهر شريف ، الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في  نصف قرن 1908 – 1958 ، نشر و توزيع شركة المعرفة للنشر والتوزيع المحدودة ، بغداد ، 1989.
- عبدالعزيز سليمان نوار و محمود محمد جمال الدين ، تاريخ الولايات المتحدة الامريكية من القرن السادس عشر حتي القرن العشرين ، حورس للطباعة و النشر ، دار الفكر العربي ، القاهرة ، 1999.
- عبدالفتاح علي البوتاني ، وثائق عن لحركة القومية الكوردية التحررية ،مطبعة وزارة التربية، اربيل، 2004.

**- نامەی زانکۆیی بڵاونەکراوە:**

- تەلار عەلی ئەمین ، سیاسەتی کەمالی و بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد لە باکوری کوردستان 1918 – 1938 ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەددین ، کۆلێژی ئاداب ، 2000.
- فتاح بهرام خضر ، ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کوردستانی باشور لە ڕۆژنامەوانی کوردی عێراقدا 1932 – 1958 ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەددین ، کۆلێژی ئەدەبیات ، 2011.

**- گۆڤارەکان :**

- سلێمان  صنعان سعید ، دۆزی کورد لە جەنگ یەکەمی جیهانیەوە تاکو پەیمانامەی لۆزان ، گۆڤاری میژوو ، ژ(18) ، ساڵی پێنجەم ، 2011.
- کامەران علی ، ڕەوشی کوردستان لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهاندا ، گۆڤاری ڕۆشنبیریی کوردستانی ،ژ(11)،2003.

- هۆشمەند عەلی محمود ، سمكۆی شكاك ، گۆڤاری كوردستان لە سەدەی 21 ، ژمارە (9) ، 2010.
- ئەحمەد محەمەد ئەمين ، گۆڤاری مێژوو ، ژ(22) ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر 2012.

- ڕۆژنامەكان:

- كامەران عەلی ، تايبەتمەندييەكانی دۆزی كورد لە دوای يەكەمين جەنگی جيهانيدا ، دەنگی ميللەت ، ژمارە (110) ، 2001.


**خصائص الحركة القومية الكردية خلال فترة مابين الحربين العالميتين**


**نجم الدين عبدالله اسماعيل**
جامعة صلاح الدين –اربيل - كلية الاداب – قسم التاريخ

**كامران علي فتح الله**
جامعة صلاح الدين –اربيل - كلية الاداب – قسم التاريخ



**ملخص**

يختص هذا البحث بدراسة تأريخية عن خصائص الحركة القومية الكردية خلال فترة مابين الحربين العالميتين. تناول فيها تلك الخصائص والتغيرات التي شهدتها الحركة القومية الكردية في الجانبين السياسي و الثقافي في كردستان ،وذلك اثر حدوث واندلاع مابين الحرب العالمية الاولى والثانية ،على اثرها عقدت في هذا الصدد عدة اتفاقيات السياسية الدولية التي لها اثر كبير على الحركة القومية الكردية، كذلك وقعت خلال تلك الفترة على اراض كردستان عدد من الثورات والانتفاضات، مع التغييرات الكبيرة في المجال الثقافي ،كل ذلك لها اثر وانعكاس كبير على الحركة القومية الكردية لتتميز بخصائص جديدة اذ تقارنها بالمراحل التي سبقتها. يتكون البحث من مبحثين رئيسيين، المبحث الاول تناول فيه خصائص الحركة القومية الكرديةعلى المستوى الداخلي، اما المبحث الثاني فقد خصصت للحديث وتحليل الخصائص التي لها طابع ومظهر الخارجي، وتأثيراتها على الحركة الكردية ، ولاسيما تقسيم كردستان من قبل دول عظمى . وفي الختام البحث تم التوصل الى عدة نتائج التي اشرت اليها بشكل نقاط .



**كلمات الدالة :** خصائص – الحركة- القومية- الكردية- الحرب.


**The characteristics of the Kurdish national movement during the period between the two world wars**


**Najmaddin Abdullah Ismael** **Kamaran Ali Fathulla**
Department of History - College of Arts / Salahaddin University-Erbil
Najmaddin ,Ismael@su.edu.krd Kamaran .fathulla@su.edu.krd



**Abstract**

This topic is concerned with the historical study of the characteristics of the Kurdish national movement during the period between the two world wars. Addressed about those characteristics and changes that witnessed the Kurdish national movement in the political and cultural sides in Kurdistan, following the occurrence and out break of the First World War and after, which held several international political agreements that have a significant impact on the Kurdish national movement, as well as signed during That period on the territory of Kurdistan a number of revolutions and uprisings, with significant changes in the cultural field, all of this has a significant impact on the Kurdish national movement to be characterized by new characteristics as compared to the previous stages. The research consists of two main Sections, the first one dealt with the characteristics of the Kurdish national movement at the internal level, while the second section was devoted to talk and analyze the characteristics that have an external character and appearance, and their effects on the Kurdish movement, especially the division of Kurdistan by Great powers. At the end of the research was reached several results, which I referred in points.



**Keyword:** characteristics, Kurdish, national, movement, wars.